# دوعا و کوشتنی ناموسی و شەرعیەتی سیاسی لە کوردستانی باشووردا

**ڕاپۆرتێکی سەرپێی لەسەر کوشتنی دوعا و کولتوری ناموسپەرستی و ڕەشەکوژی ژنان و مەترسیەکانیان لەسەر شەرعیەتی سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

**گۆتنبرگ – سوید گولانی 2007**
**نووسەری ڕاپۆرت: ڕەسول عەولا**
rasool.awla@hotmail.com



## سەرەتایەکی پێویست

لە ڕۆژی شەمە 7 ی مانگی نیسانی ئەم ساڵ کۆمەڵێک درندەی بەناو پیاوی ئێزیدی لە شارۆچکەی باشیقە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و بێشەرمانە لەناوەڕاستی شاردا بە بەرد و بلۆک و بە شاپ و بە شیشە کچێکی17 ساڵەیان کوشت. چەند لەو "پیاوانە" بە کامێرای ڤیدۆ و کامێرای مۆبایل وێنەی تاوانەکەی خۆشیان گرت. جوانەمەرگ کە ناوی (دوعا خەلیل ئەسوەد) بوو خەڵکی گوندی بەحزان بوو و ئێزیدی بوو. بەحزان زۆر لە باشیقەوە نزیکە.

خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و هاونیشتمانیان و ڕۆشەنبیران و نوسەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەم لە کوردستان هەم لە هەندەران زۆر بە خێرایی و بەشێوەیەکی زۆر و بێوێنە هەڵویستیان دژ بەم تاوانە وەرگرت.[1] بەوبۆنەیەوە لە زۆر لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و تەنانەت لە زۆر شاران لە ولاتانی ڕۆژاواش خۆپێشاندان و کۆڕی ماتەمینی کرا و سیمنیار گێڕدرا. ئەگەر بڵێم تاکو ئێستا هەزار وتار تەنها بە زمانی کوردی لەسەر ئەم تاوانە نوسراوە ڕەنگە درۆ نەبێ. لەماوەی دە ڕۆژی

[1] من باوڕم بەوە نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ئامادەبێ کە بە جیدی بیەوێ شتێک بۆ نەهێشتنی کوشتنی ناموسی بکا. بەبۆچوونی من وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخاتری خاتران بە ناچاری چەند ڕستەیەکی سواوی دایە بەربا کە ڕەنگە نە خۆی نە حکومەتەکەی باوەڕیان بە قسەکان بێ.

یەکەم پاش بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە دڵتەزێنە تەنها لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت 271 وتار لەسەر ئەم تاوانە بڵاوکرایەوە.

لەم 15 ساڵەی دوایدا لە کوردستانی باشوور هەزاران ژن بەتاوانی ناموسپەرستی کوژراون. لەبەرئەوەی ژمارەی ژنەکوژراوەکان زۆرن ئەو ڕێکخراوە چەپانەی کە بۆ ماف و ئازادی ژنان تێدەکۆشن لە 1990 ەکانەوە ناویان لەم دیاردە نا "ڕەشەکوژی" یاخود ڕەشەکوژی ژنان. جگە لە چەند ڕێکخراوەیەکی ژنان کە سەر بە پارت و ڕێکخراوە چەپەکانەوە بوون هەروەها دوو تا سێ ڕێکخراوەی مرۆڤپارێز هیچ لایەنێکی دیکە نەهاتنە وەڵام و بەشێوەیەکی پێویست و ئاشکراو بەرچاو و جیدی نەفرەتیان لە ڕەشەکوژی نەکردوە و هەستی بەرپرسیاریەتی خۆیان نیشان نەداوەو بەپێی پێویست هەڵوێستیان نیشان نەداوە.

بەلای منەوە سەیر نییە و جێگەی سەرسوڕمانیش نییە کە خەڵکی کوردستان و نووسەران و ڕۆژنامەنوسان و کۆمەڵەوڕێکخراوەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەم شێوە زۆرە و توندیە نەفرەتیان لە کوشتنی دوعا کرد و هەڵوێستی خۆیان نیشاندا. هەڵبەتە لە گۆشەی شێکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی دەروونناسیەوە دوورنیە هەڵوێستوەرگرتن بەم شێوە توند و بەرفراوان و زۆریە بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە کەسانێکی یەجگار زۆر بەشداری تاوانەکەیان کرد، تاوانبارەکان بەشێوەیەکی زۆر زۆر دڵڕەق و دڕندانە دوعایان کوشت هەروەها بە کامێرای ڤیدیۆ و مۆبایل وێنەی تاوانەکەشیان گرت و خەڵک توانی وردەکاری تاوانەکە و دڵڕەقی تاوانبارەکان ببینن. ئەگەر کورد نەهاتبایە وەڵام، بەرد و شاخەکانی کوردستان دەهاتنە وەڵام! بەردبارانکردنی دوعا تاوانێکی گەورەبوو، بەڵام بێدەنگی و وەرنەگرتنی هەڵوێست دژی ئەم تاوانە تاوانێکە لە خودی تاوانەکە گەورەتر و نامرۆڤانەترە. ئەوەی بەلای منەوە سەیرە و جێی پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە زلهێزەکان و کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان و نووسەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان تاکو ئێستا بێدەنگ بوون بەرامبەر بە ڕەشەکوژی ژنان. خۆ هەموو ڕۆژێ لە سێ تا شەش ژن بە

---

[2] جەماوەر 28-05-2007.

[3] http://www.pukmedia.com/kurdinews/13-5-2007/news21.html، جەماوەر 21-05-2007.

[4] لە نامەکەی بەکەلۆریۆسی بەشی کۆمەڵناسیم پەنجەم بۆ زیاتر لە 20 نووسەری کورد و عارەب و ڕوسی و ئینگلیزی و فەڕەنسی ڕاکێشاوە کە بە شێوەیەکی هەڵە باسی ڕەوشی ژنی کورد دەکەن. نامەکەی بەکەلۆریۆسم کە بەسویدیە لە بەهاری 1995 دا نوسراوە ناوی "ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی و لە سویدیدا".

[5] نامەکەی بەکەلۆریۆسم لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو لەسەر ڕاو بیرو بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر تێگەی مافەکانی مرۆڤ، لەسەر دیموکراسیەت لە کوردستان، لەسەر دیموکراسییەت وەکو تێگە، وەکو دەسەڵات وەکو دیاردە هەروەها لەسەر هەندێ شتی دیکەی پەیوەندار بو دیموکراسیەت. بۆ ئەو مەبەستە لە بەهاری 1993دا هاتمەوە کوردستان و کۆمەڵێک پرسیارم بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بڵاوکردەوە. نامەکەی ماستەرم لە زانستەکانی سیاسیەت لەسەر دەور و ڕۆڵی کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان بوو لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا. من کوردستانم وەکو نموونەیەک هەڵبژارد و چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەند کوردێکی ناسراو کرد کە لە کوردستان نوێنەرایەتی چەند کۆمەڵەوڕێکخراوەی زۆر گەورە ناودار و ناسروایان کردبوو. مەبەستی من ئەوەبوو بزانم کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان تا چ ڕادەیەک ئازاد و سەربەخۆ و بێ لایەن بوون و هەروەها تا چ ڕادەیەک ئامادەبوون و تا چ ڕادەیەک ڕێگەیان پێدرابوو کە وەکو هێزێکی بنیاتنەری دیموکراسی ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێبکەن لە گەشەپێدان و بنیاتنانی دیموکراسیەت لە کوردستان. مەبەستێکی دیکەم ئەوەبوو بزانم نوێنەری کۆمەڵەوڕێکخراوەمەدەنیەکان چۆن سەیری ئەو دیموکراسیەتەیان دەکرد کە لە کوردستاندا هەبوو تا چ ڕادەیەک پشتگیریان لێ دەکرد...

بیانۆی ناموسپەرستی لە کوردستانی باشووردا دەکوژرێ. بۆچی بەپێی پێویست هەڵوێست وەرنەگیردرا؟

لێرەدا چەند نموونەیەکی تازە و زۆر روون و ئاشکرا دەخەمە بەردەستی خوێنەر. لە مانگی رێبەندانی پار ژنێکی هەولێری کە دایکی دوو منداڵی ورد بوو، گوللەبارانکرا. با ناو لەو ژنە بنێین ئاوات. ئاوات چەند ساڵێک پێشتر بەزۆرەملێ درابووە ئامۆزایەکی خۆی. گوایە خەسوەکەی ئاوات نەک هەر حەزی لە ئاوات ناکرد، بەڵکو زۆریش رقی لێبوو و هەموو دەم شەڕی لەگەڵدا دەکرد. دراوسێکان هەرلەسەرەتاوە گوتبویان ئەو خەسوە رۆژێک تۆمەتێک بە ئاوات دەکاو سەری بە سەربرین دەدا. ئەوەبوو لە مانگی رێبەندانی پار تۆمەتی پێکرد و گوتی گوایە ئاوات پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کورێکی دراوسێیان هەیە. بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەک بەدەستەوە بێ بە 11 گوللە ئاواتیان کوشت و دوو منداڵی وردیان بێ دایک کرد.

روون و ئاشکرا نییە کە کێ ئاواتی کوشت بەڵام گوایە دوو زڕبرای ئاوات و مێردەکەی بەیەکەوە تاوانەکەیان ئەنجامداوە. ماڵی ئاوات لە کۆمەڵگای زۆرەملێی خەبات دەژین، کە سەر بە هەولێرەوەیە، بەڵام تەرمی ئاوات فرێدرابووە نزیک شارۆچکەی مەخموو – نزیکەی 20 کیلۆمەتر لە سەرووی مەخمور. لەگەڵ شاڵاوی تەعریبکردنی کوردستان لە 1980- کاندا قەزای مەخموور خرایە سەر پارێزگای موسڵ.

لە 13-08-2002 پەرلەمانی کوردستان کوشتنی ناموسی قەدەغە کرد بەو مانایەی کە ئەم تاوانە بەراورد دەکرێ لەگەڵ هەر جۆرە کوشتنێکی دیکە و تاوانباران سزا دەدرێن. کەچی لە پارێزگای موسڵ و شوێنەکانی دیکەی ئێراق، کە تا ئێستاش هەر یاسای کۆنی سەددام حوسەین بەکاردێنن بۆ ئەم مەسەلەیە، کوشتنی ناموسی لە باشترین حالەتدا شەش مانگ تاوانبارەکە زیندانی دەکا. لەبەرئەوەبوو تەرمی ئاوات فرێدایە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

ماڵی خەزووری ئاوات، کە یەکێکیان پاسەوانی فەرماندەیەکی سەربازیی یەکێک لە پارتە زلهێزەکانی کوردستانە، بە کوشتنی ئاوات نەوەستان، بەڵکو لە دائیرەی پۆلیس و لە بارەگای پارتی حاکم لەو ناوچەیەدا بە ماڵە دراوسێکەیان گوت یان دوو ژنمان دەدەنێ، لەبری ئەوەی ئێمە بۆ ناموسکرینەوەی خۆمان ئاواتمان کوشتوە، یان دەبێ لێرە باربکەن ئەگەر نا دەتانکوژین. بنەماڵەی ئەو کورەی کە تۆمەتی پێکرابوو نزیکەی 35 کەس بوون و بەناچاری لە خەبات باریانکرد پاش ئەوەی کە نە پارتی حاکم لە ناوچەکەدا نە پۆلیس توانی یارمەتیان بدەن و هەرەشەی ماڵی خەزووری ئاوات بوەستێنن. ئەو بنەماڵەیە بەناچاری چوون بۆ هەولێر و دابەشی سەر ماڵەخزمان بوون و ژیانیان بەتەواوەتی شێوا و شپرزا. گەورەکان نەیانتاوانی لە کارەکانی خۆیان بەردەوام بن و منداڵەکانیشیان خوێندنیان جێهێشت.

زۆر زوو رۆژنامەی جەماوەر، لە 13-03-2006، وتارێکی درێژی لەسەر ئەم کارەساتە بڵاوکردەوە و بەوردی هەندێ شتی لەسەر رووداوەکە نوسی جگە لەوە هیچ رێپۆرتاژێک و هیچ وتار و نوسینێک نەنوسرا و هیچ ئیدانە و نەفرەتکردنێکی رەسمی لە لایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستان یان کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان نەبیسترا. ئەوە لە کاتێکدا کە من خۆم ئاگادارم کە یەکێک کە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکە بوو نامەیەکی زۆر زۆر دوورودرێژی نوسی. لەنامەکەیدا ئەو کەسە بەراوردی پێلا ئەتروشی و دەوڵەتی سویدی و (سەیری خوارەوە بکە) کوشتنی ئاوات و شەرعیەتی کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان و

حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی. ئەو کەسە زۆر بە وردی باسی ڕوداوەکەی کرد و نوسی کە ئەگەر کۆمەڵەورێکخراوە مەدەنیەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکوژەکانی ئاوات نەدۆزنەوە و بە گوێرەی یاسای کوردستان سزایان نەدەن هەڵەیەکی گەورەی مێژووی دەکەن و لە شەرعیەتی خۆیان کەم دەکەنەوە.

ئەو کەسە لە مانگی ئازاری پار نامەکەی بۆ زیاتر لە 15 گۆڤار و ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکوردیەکان ڕەوانە کرد. تاکو ئێستاش نە نامەکەیان بڵاوکردەوە نە وەکو ڕێزگرتنێک لە نووسەری نامەکە وەڵامیان داوەتەوە. جگە لەوەش ئەو کەسە بەدەستی خۆی نامەکەی بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە برد: مەکتەبی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، راوێژکاری پرسی ژنانی ئەوکاتەی سەرۆکی حکەمەتی هەرێم خاتوو مەهاباد قەرەداغی، ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری داد بەڕێز هادی عەلی عەبدولکەریم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر، دەزگای کۆمەڵایەتی هەولێر و 7-8 لەو کۆمەڵەورێکخراوەی ژنان و منداڵپارێز. تاکو ئێستاش نوزەیەک لە هیچ لایەک نەهاتوە و هیچ هەڵوێستێک وەرنەگیردرا.

مێردی ئاوات دەستگیرکراو و ڕەوانەی مەخموور کرا. کابرا دانی بەوەدانا کە ئەو بەمەبەستی کڕینەوەی ناموسی بنەماڵەکەی ژنەکەی کوشتوە. سەرەڕای ئەوەش کە بەڵگە بەدەستەوە نەبوو کە ئەو بکوژبوو، سەرەڕای ئەوەش کە ئەو پیاوە نازانێ ئۆتۆمۆبیل لێبخورێ و چەکیشی نییە دادگای مەخموور کابرای بە دووساڵ زیندانی حەکم کرد. لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بیستراوە کا کابرا لە زینداندا گوتویەتی کە ئەو نەیکوشتوە بەڵام ناچاریان کرد کە تاوانەکە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی سزاکەی کەم بێت. بە چەکی کێ ئاوات کوژرا، کێ ئاواتی کوشت و کێ تەرمەکەی گواستەوە بۆ ناوچەی مەخموور دیار نیە.

لە مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ، دوو مانگ پێش کوشتنی دوعا، عاشیرەتی مزووری لەسەر ناموسپەرستی کچێکی خۆیان ئەتک کرد – گوایە لووت و گوێیان بڕی – پێش ئەوەی بیکوژن. پاشان دەگەڕێمەوە سەر ئەم کارەساتە.

لە 5 ی گوڵانی ئەمساڵدا، واتا 28 ڕۆژ دوای کوشتنی دوعا، پیاوێک بەرامبەر وەزارەتی مرۆڤ کچێکی 12 ساڵەی خۆی کوشت بە تۆمەتی ئەوەی کە گوایە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی دراوسێیان هەبووە. هەرچەندە کوڕەدراوسێکەیان پێش ئەوەی پیاوەکە کچەکەی خۆی بکوژێ چەندجار بەباوکی کچەکەی گوتبوو کە ئەو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچەکەیدا نییە و خۆی دوو جاران تفەنگی دابوە دەست باوکی کچەکە و گوتبووی ئەگەر هیچ بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە کە من و کچەکەت پەیوەندیمان هەیە فەرموو من بکوژە.[2] بەبۆچونی من کوشتنی ئەو منداڵە نەک تەنها تاوانێکی گەورەیە و بەس، بەڵکو سوکایەتیکردنێکی گەورەشە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی مافی مرۆڤ. گوایە تاوانبار سەرکردەیەکی سەربازیی یەکێک لە پارتە زلهێزەکانی کوردستانە.

پێنج هەفتە پاش بەردبارانکردنی دوعا، بەواتایەکی دیکە لە 2007-05-12، لە نزیک گوندی بیستانە لە نزیک کۆیە شەوبۆ عەلی ڕەئوف، کە تەمەنی 18-19 ساڵ بوو، بە حەوت گوللە دەکوژرێ.[3] لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی پۆلیس و باوکی شەوبۆ، کاک عەلی ڕەئوف، ئەوە ڕووندەکەنەوە کە بکوژەکان لەپێشدا بە بەرد و دار و بە شاپ چەند شوێنێکی شەوبۆ دەشکێنن و سوکایەتی پێدەکەن و بەسەختی برینداری دەکەن پێش

ئەوەی بە حەوت گوللە بیکوژن. دەستێکی شەوبۆ لە دوو شوێن دەشکێنن. باوکی شەوبۆ دەڵێ مێردەکەی شەوبۆ و سێ برای مێردەکەی و دایک و باوکیان و خوشکێک و مێردی خوشکەکەی بەشداریان کردوە لە تاوانەکەدا. وێنە ڕەنگاوڕەنگەکەی پۆلیس، کە لە 2007-05-21 لە ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاوکرایەوە، دەریدەخا کە شەوبۆ پێش ئەوەی بکوژرێ بە شێوەیەکی دڕندانە و توند ئەشکەنجە دراوە زامدارکراوە. باوکی شەوبۆ دەڵێ شەوبۆ سێچارەک زێری لەبەردابوو کاتێ کوژرا. هەروەها دەڵی بە زۆر بازنەو خرخاڵیان لەدەست و لە قاچی داماڵیبوو پێستی دەست و قاچی دامارابوو و بریندار بوو بوو. گوایە گوارەکەیان وا بەتوندی ڕاکێشابوو کە گوێی شەوبۆ پچڕابوو. باوکی شەوبۆ دەڵێ شووبرایەکی شەوبۆ ئەفسەرە لە فەرماندەی یەکێک لە پارتە زلهێزەکانی کوردستان وماڵێکی دەوڵەمەندن کەچی ئەو خۆی پیاوێکی بێکەس و هەژارە.

دەنگوباسەکان وای نیشان دەدەن کە ماڵی مێردەکەی شەوبۆ شەوبۆیان کوشت لەبەرئەوەی لە ناومۆبایلەکەیدا ژمارەیەکی تەلەفۆن هەبووە کە ماڵی مێردەکەی نەیانزانیوە هی کێ بووە. لەبەرئەوە لێی کەوتوونەتە گومانەوە. مێردەکەی شەوبۆ لە بەریتانیا دەژی، نەک لە کوردستان. شەوبۆ کچێکی 9 مانگی لێ بەجێدەمێنێ. لەگەڵ کوشتنی شەوبۆ منداڵەکەش وندەبێ و بێ سەروشوێن دەکرێ.

دیسانەوە دەڵێم هەڵوێستنیشاندان دژی تاوانەکەی باشیقە پێویست و ڕەوابوو، بەڵام پرسیار ئەوەیە چەند لە کۆمەڵەورێکخراوە مەدەنیەکان و نوسەران و سیاسەتمەداران و نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەفرەتیان لە کوشتنی ئەم ژنانە کرد کە لەسەرەوە باسیان لێوەکرا؟ چەند خۆپێشاندان و کۆڕ سازکرا و چەند وتاریان لەسەر نوسرا و چەند کۆڕی ماتەمینیان بۆ گێردرا؟ بۆچی بۆ دوعا دونیا هاتە هەژان؟ من گومانم لەوەدا نییە کە یەکێک لە هۆکارەکان بۆ هەندێ لایەن ئەوەبوو کە دوعا ئێزیدی بوو ئەوانی دیکە موسڵمان بوون و هەندێ لایەن ویستیان نێوانی کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدی تێکبدەن.

من لەم وتارەمدا تەنها دەمەوێ زۆر بەسەرپێیی وەڵامی هەندێ پرسیار بدەمەوە کە بە بۆچونی من گرنگیان بۆ ئێستاو دوارۆژی نەتەوەی کورد و ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەیە.

## ئەو سەرچاوانەی کە بۆ نوسینی ئەم بابەتە بەکارم هێناون

بۆ نووسینی ئەم وتارە سوودم لەو هەواڵ و دەنگوباسانە وەرگرتوە کە دەمودەست دوای کارەساتەکەی باشیقە لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردیەکان و ڕۆژنامەکانی سویدی و ئینگلیزیدا بڵاو بوونەتەوە. جگە لەوانەش هەندێ زانیاریم لە چەند کەسێک وەرگرتوە کە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکەبوون و لە ڕۆژنامە کوردیەکان شتیان نوسیوە. زۆریش سوودم لەو دیمانانەدا وەرگرتوە کە لە ژمارە 274 ی گۆڤاری "ژیانەوە" لە 6 ی گوڵانی ئەم ساڵ بڵاوکرایەوە. دیمانەکان لەلایەن دوو ڕۆژنامەنووس ئەنجامدراون کە پاش بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کوشتنی دوعا دەچنە باشیقە و چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسانێک دەکەن کە لە دوعا زۆر نزیکن لەوانە باوکی دوعا، خەلیل ئەسوەد، و ڕێزدار سولەیمان سڤۆ کە یەکێکە لە گەورەپیاوان و دەمڕاستەکانی ئێزیدیەکان کە دوعا بۆ ماوەیەکی کورت لە ماڵیدا شاردرابۆوە. جگەلەوانەس سوودم لە هەندێ لێکۆڵینەوەکانی مەیدانی خۆم وەرگرتوە کە زووتر بە ئەنجام دابوون.

## پەیوەندی خۆشەویستی دوعا و کوشتنی دوعا

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوەی نزیک لە ڕووداوەکە دوعا ماوەیەکی زۆر کەم – دەوروبەری مانگێک – پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی عارەبی مەسلمان هەبوو بە ناوی (موهەنەد م.). گوایە دوعا تەنها دوو تا سێ جار خۆشەویستەکەی خۆی بینیوە پێش ئەوەی پەیوەندیەکەیان ئاشکرابێ. بەگوێرەی باوکی دوعا و هەندێ دەنگوباسی دیکە لەوانە گۆڤاری "ژیانەوە" دوعا تەنها یەک شەو ناچێتەوە ماڵی باوکی و بۆ ڕۆژی دووەم لە گەڵ عەشیقەکەی لە ناو دارزەیتونەکانی دەرەوەی ئاوەدانیدا دەبینرێن و دەستبەسەر دەکرێن. دوعا تەسلیمی بارەگای پارتی دەکرێ و موهەنەدیش تەسلیمی پۆلیس دەکرێ. پاش دوو تا سێ ڕۆژ دوعا تەسلیمی سەرۆکی قەوالینی ئێزیدی و ئەندامی جڤاتی بڵندی ڕوحانی ئێزیدیان، شێخ سولەیمان سڤۆ، دەکرێ.

پاش ئەوەی کە دوعا دەبردرێتە ماڵی شێخ سولەیمان سڤۆ پێنج سەد تا شەش سەد ئێزیدی کە زۆربەیان خەڵکی دەوروبەری (بەحزان) دەبن لە باشیقە دەست بە خۆپێشاندان دەکەن و داوا دەکەن کە دوعایان تەسلیم بکرێ. زۆر لەوانە چەکداریش دەبن. گوایە براگەورەکەی خەلیل ئەسوەد کە ناوی (سەلیم)ە لەگەڵ ئامۆزایەکیان بەناوی عومەر عەمۆ، بەناوی حزبی شوعی باشیقە سەرپرشتی خۆپێشاندانەکە دەکەن. گوایە هەندێک هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەچەند شوێنی دیکەوە دێنە ئەوێ و شان بەشانی پۆلیس هەوڵ دەدەن خۆپێشاندەرەکان ئارام بکەنەوە. گوایە گەنجە ئێزیدیە خۆپێشەندەرەکان تەقە دەکەن و پۆلیسیش تەقە لەوان دەکەنەوە و چەند گەنجێکی ئێزیدیەکان بریندار دەکەن. پاشان لە شوێنێکی "نادیارەوە" بڕیار دێ کە هەموو لایەکان، جگە لە پۆلیس، خۆ بکێشنەوە و ئەو ناوە چۆل بکەن. تەنها هێزی پۆلیس لەو ناوە دەمێنێتەوە.

پاشان هەندێ کەس دەچن بۆ ماڵی شێخ سولەیمان سڤۆ بۆ وەرگرتنەوەی دوعا. بەڵام شێخ دوعایان تەسلیم ناکاو دەڵی تەنها تەسلیمی باوکی دەکەم ئەویش بەمەرجێک کە بەڵین بدا نەیکوژێ. شێخ سولەیمان شڤۆ دەڵێ باوکی دوعا گوتویەتی نایەم و باوکی دوعاش دەڵێ ئەو خۆی و منداڵەکانی لە ماڵی خۆیاندا دەستبەسەربوون و لەژێر هەڕەشەدابوون. شێخ سولەیمان دەڵێ "ناچاریان کردم"، نالێ چ لایەنێک ناچاری کردم، بەڵام دەڵێ ناچارکرام کە دوعا تەسلیم بە خزمەکانی بکەمەوە. بەگوێرەی هەندێ دەنگوباس پارتی دیموکراتی کوردستان لەرێگەی ئەندامایکی باڵای خۆی، ڕێزدار گۆران خەسرە، کە جێگری پارێزەری (موحافز) ی موسڵە، دەورێکی کاریگەری دەبێ لە تەسلیمکردنەوەی دوعا بە بنەماڵەکەی بۆ ئەوەی گیروگرفتی ئێزیدی و مزووریەکان جارێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە، یان باشتر وایە بڵێم بۆ ئەوەی کەمێک دڵی (تەحسین بەگ)ی ڕابەری ئێزیدیەکان و مام و ئامۆزایەکی باوکی دوعا ڕازی بکەن کە گوایە لایەنگیری (حیزبی شیوعی)ن.

بەگوێرەی هەندێک لەو هەواڵانەی کە لە ماڵپەرەکوردیەکان بڵاوکراونەتەوە تەحسین بەگ هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستانە و شێخ (سولەیمان سڤۆ)ش هەواداری یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە. لەوەدەچێ کە پارتەزلهێزەکان تەنها بە دابەشکردنی ڕەنگ و وشەکانی ناو قامووس و کورسیەکانی پەرلەمان نەوەستابن.

شێخ سولەیمان سقۆ دەڵێ من دوعام تەسلیمی مامی دوعا کرد پاش ئەوەی کە بەڵێننامەیەکم پێنووسی. وێنەیەک لەم بەڵێننامەیە لە ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاوکرایەوە لەتەک دیمانەکەی ڕێزدار سولەیمان سقۆ. لە بەڵێننامەکەدا مامی دوعا گفت دەدا و ئیمزاش دەکا کە دوعا نەکوژێ. سەرەڕای ئەوەش چەند خولەکێک دوای ئەوە بەم شێوە دڕندانەیە دوعا دەکوژن. باوکی دوعا دەڵێ براگەورەکەی و ئامۆزاکەی ئەو تاوانبارن لە کوشتنی دوعا لەبەر ئەوەش گوایە لە لای پۆلیس داوای لەسەر تۆمارکردوون.

## مەبەست لە کوشتنی دوعا

پێموابێ هەموو کەسێک کە گوێی لە هەواڵی کوشتنی دوعا دەبێ یەکسەر بێ سێ و دوو بیری بۆ کوشتنی ناموسی (غسل العار) دەچێ چونکە دوعا خۆشەویستێکی هەبوو. دیاردەی نامرۆڤانەی کوشتنی ژن بە مەبەستی شوشتنەوە، گەڕاندنەوە، چاککردنەوە یان کڕینەوەی ناموسی خێزان (غسل العار) نەریتێکی زۆر کۆنە. تەنانەت زۆر پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەناو نەتەوە و گرۆپە ئەتنیک و کولتورە جیاجیاکاندا ئەم دیاردەیە پەیڕەوکراوە. تەنها موسڵمانان نا بەڵکو ئەو گروپ و نەتەوانەش کە سەر بە ئاینەکانی دیکەن لەو ناوچەیەدا ژنیان چەوساندۆتەوە و پەیوەندی خۆشەویستیان بە دۆڕاندنی شەرەف و ناموسی خێزان لەقەڵەم داوە و هەر لەبەر ئەوەش بەمەبەستی کڕینەوەی ناموسی خێزان بەسەربەرزیەوە ئەو ژن و پیاوەیان کوشتوە کە پەیوەندی خۆشەویستیان هەبووە. لە کولتوری ئێمەدا خۆشەویستی و ئەوین مانای سوکایەتی و شەرمەزارییە، بۆیە قەدەغە کراوە و نەفرەتی لێکراوە و هەر بۆیەش کوشتن و بەردبارانکردنی ئەویندار حەلال و ڕەوایە!

پرسیار ئەوەیە ئەگەر تاکە مەبەستی "پیاوە" دڕندەکانی بکوژی دوعای 17 ساڵی کڕینەوەی شەرەف و ناموسی ماڵی باوکی دوعا بووبێ؟ من دەڵێم نەخێر بکوژەکان مەبەستی دیکەشیان هەبووە. بەردبارانکردنی دوعا چەند جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ یاسا و داب و نەریتی کوشتنی ناموسی. بۆ کڕینەوەی ناموسی خێزان هەر لە دێرین زەمانەوە تەنها برا، باوک، باپیر، مام، برازا، ئامۆزا یان مێرد ئەو کچ و کوڕەیان کوشتوە یان ئەو ژن و پیاوەیان کوشتوە کە پەیوەندی خۆشەویستان هەبووە. لە هەندێ حالەتی دەگمەندا خزمی دیکەی کچەکە بەم کارە هەڵساون. واتە شەرەف و ناموسکڕینەوە مەسەلەیەکی زۆر حەساس و شەخسی و خێزانی بووە نەک هی کۆمەڵ، هی گوند، هی ناوچە یان هی گرۆپێکی ئاینی. بەگوێرەی کولتور و نەریتی ناموسپەرستی ئەندامە پیاوەکانی خێزانی کچەکە یان ژنەکە، لەسەرووی هەموویانەوە باوک و برا، بەدەستی خۆیان "تۆڵەیان سەندۆتەوە و ناموسی خۆیان کڕیوەتەوە". هیچ کەس و لایەنێک مافی دەستتێوەردانیان نەبووە لە مەسەلەی ناموس.

لە حالەتی (دوعا)دا بەپێچەوانەوە باوکی دوعا خۆی دەڵێ ئەو دژی کوشتنی دوعا بووە. ڕاستە هەندێ خزمی دیکەی نزیکی دوعا لەوانە مامێک و براکانی تاوانباری یەکمن و دەستیان هەبووە لە کوشتنی دوعا، بەڵام هەموو هەواڵەکان و فیلمەکانی ڤیدیۆ نیشانی دەدەن کە نزیکەی هەزار کەسێک خۆپێشاندنیان کردبوو و داوای وەرگرتنەوەی دوعایان کردبوو و پاشانیش گەلەکۆییان لە دوعای 17 ساڵی کردو ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشداریان لە هەنجن هەنجنکردنی دوعادا کرد. واتا تاوانبارەکان قەزیەکەیان لە چوارچێوەی ماڵی باوکی دوعا، وەکو مەسەلەیەکی شەخسی، دەرکرد و گەورەیانکرد. قەزیەکەیان کردە قەزیەیەکی شەرەف و ناموسی

ناوچەکە هەمووی. دەتوانم بڵێم کردیان بە قەزیەکی ئێزیدییان دژ بە موسڵمانان. سەلماندن بۆ قسەکەم ئەوەیە کە یەکێک لە "پیاوە" تاوانبارەکان لە کاتی ئەشکەنجەدانی جوانەمەرگدا بە دەنگێکی بەرز چەند جار هاوردەکا و دەڵێ "وقع علی دینو اقتلوها". واتا دوعا لە دین دەرچوە و بۆتە موسڵمان و بیکوژن. جگە لەوەش بەگوێرەی دوو سەرچاوەی نزیک لە کارەساتەکە بڕیاری کوشتنی دوعا نەک لە لایەن باوکی یان بنەماڵەکەی بەڵکو بڕیارەکە چەند ڕۆژێک پێش کارەساتەکە لە مەرجەعی ئێزیدیەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لەلایەن گەورەترین پیاوماقولانی ئێزیدیەکان درابوو لەبەرئەوەی گوایە دوعا ببووبوو بە موسڵمان.

جیاوازی دووەم ئەوەیە کە بەگوێرەی نەریتی کولتوری ناموسپەرستی کەس و کاری کچەکە بەوپەڕی نهێنی و بێدەنگی و بە شێوەیەکی شاردراوە کچەکە دەکوژن. کە چی بکوژەکانی دوعا بە مەبەستەوە بەشێوەیەکی ئاشکراو عەلەنی بە کۆمەڵ تاوانەکەیان کرد.

جیاوازی سێیەم ئەوەیە کە بکوژەکانی دوعا هەوڵی شاردنەوە و ونکردنی ئەو بەڵگانەیان نەدا کە بە تاوانەکەیان گرێدەدا بۆ ئەوەی لە لایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستان یان هی ئێراق بەگوێرەی یاسا سزا نەدرێن. بە پێچەوانەوە بەخۆیان بە ڕاشکاوی بە کامێرای ڤیدۆ و مۆبایل هەموو پرۆسەکەیان وێنەگرت و لەسەر ئینتەرنێت بڵاویشیانکردەوە.

جیاوازی چوارەم، بەگوێرەی نەریتی کولتوری ناموسپەرستی تەنها ئەو کچ یان ژنە ناکوژرێ کە گوایە "حەیا و ناموسی" بنەماڵەکەی دەبا، بەڵکو هەردوکیان واتا کچەکە و کوڕەکە دەکوژرێن. پرسیار ئەوەیە بۆچی بکوژە ترسنۆکەکانی دوعا هەر بەگیانی ئەو کچە منداڵە ئازا بوون. بۆچی عەشیقەکەی دوعاشیان نەکوشت ئەگەر مەبەستیان تەنها کڕینەوەی شەرەف و ناموسی بنەماڵەکەی دوعا بووبێ؟

ئایا دڵداری و ئەشقە پاک و بێگەردەکەی دوعا بوو بە هۆی حەیا و ناموسبردنی بنەماڵەکەی خەلیل ئەسوەد یان بەڵێن شکێنی مام و برا و خزمەکانی دوعا و دڵڕەقی و دڕندەیی تاوانبارەکان و سوکایەتیکردنیان بە جەستە پاک و بێ گیانەکەی دوعا؟ تاوانباران نەک تەنها ناموسی ماڵی دوعایان نەکڕیەوە بەڵکو شەرەف و ناموسی نەتەوەی کوردیان برد و زەرەر و زیانێکی زۆریان لە قەزیەی نەتەوەکەمان دا!

## وەک ئەوەی کە پێلا ئەتروشی و فاتیمە شاهیندال تێر نەکەن

پێلا ئەتروشی و فاتیمە شاهیندال دوو کچی کورد بوون لە سوید دەژیان. پێلا بەرەگەز خەڵکی دهۆک بوو و فاتیمەش خەڵکی کوردستانی باکوور بوو. پێلا پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دەبێ. باپیری پێلا، کە لە ئوسترالیا دەژیا، هەروەها باوک و دوو مامەکەی پێلا، کە لە سوید دەژیان، بە پەیوەندی پێلا و دۆستەکەی ناڕازی و نارەحەت بوون بۆیە بوو بە گیروگرفت و کێشە لەنێوان پێلا و باوک و مامەکانیدا. لە ترسی لێدان و کوشتن پێلا چەند جارێک لە ماڵی خۆیان ڕادەکا. پاش بارگرژی و کێشە و ناکۆکیەکی زۆر و درێژخایەن پێلا و ماڵی باوکی ئاشت دەبنەوە پاش ئەوەی کە باوکی پێلا بە پێلا دەڵی دەیبوورن و لیی خۆشدەبن و نایکوژن. لە هاوینی 1999 دا باوکی پێلا پێلا ڕازی دەکا کە لەگەڵ ماڵەوەیاندا سەردانێکی دهۆک بکا و شوو بە

کوردێک بکا. ڕۆژێک دووان دوای ئەوەی کە دەگەنەوە دهۆک باوکی پێلا و دوو مامەکەی لەبەرچاوی دایکی پێلا و خوشکە بچووکەکەی پێلا پێلا دەکوژن.

خوشکە بچوکەکەی پێلا کە ناوی (برین)ە پۆلیسی سویدی لە کوشتنی پێلا ئاگادار دەکاتەوە. پۆلیس و داواکاریگشتی و دامودەزگاکانی دیکەی پەیوەندداری سویدی پەیوەندی بە پۆلیس و لایەنە پەیوەندارەکانی کوردستان دەکەن. پاش هاوکاری و لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە و هاتووچۆیەکی زۆر دادگا لە دهۆک باوک و یەکێک لە مامەکانی پێلای حوکم دا، بەڵام حوکمێکی ڕەمزی بەبێ ئەوەش کە زیندانی بکرێن.

هیچ لە ئەندامەکانی بنەماڵەی پێلا جنسیەی سویدیان نەبوو بەڵام دانیشتووی وڵاتی سوید بوون. سەرەڕای ئەوەش کاتێ کە مامەکانی پێلا گەڕانەوە سوید هەردووکیان گیران و دادگایی کران. دەزگاکانی سویدی گوتیان ڕاستە پێلا عێراقیە و لە عێراق کوژراوە و بکوژەکان بە گوێرەی یاسای ئێراقی سزای خۆیان وەرگرتوە، بەڵام لەبەرئەوەی سزاکانیان تەنها شتێکی ڕەمزی بووە و لەبەرئەوەش ماڵی پێلا و مامەکانی لە سوید دەژین و بڕیاری کوشتنی پێلا لە سوید دراوە نەک لە کوردستان دەبێ مامەکانی پێلا جارێکی دیکەش بەگوێرەی یاسای سویدی دادگایی بکرێنەوە. ئەوەبوو لەسەرەتای ساڵی 2001 هەردوو مامەکەی پێلا حوکمی زیندانی ئەبەدیان بەسەردا درا و باوکی پێلاش هەتاهەتایە ناتوانێ بگەڕێتەوە سوید.

فاتیمە شاهیندالیش دۆستێکی دەبێ لەبەر ئەوە باوک و براکەی چەند جار لێی دەدەن و هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن. پاش ماوەیەک فاتیمە داوا لەسەر باوک و براکەی تۆماردەکا. باوک و براکەی فاتیمە دادگایی دەکرێن و سزادەدرێن. پاش چوار ساڵ کێشەو ناکۆکی هەڕەشە و شەڕ و ڕاونان شکایەت و شکایەتکاری لە 22 ی مانگی ژانوەری 2002 دا باوکی فاتیمە لەبەرچاوی دایک و دوو خوشکی فاتیمە بە دەمانچە فاتیمە دەکوژێ. باوکی فاتیمەش لەلایەن دادگایەکی شاری ئۆپسالەی سویدی سزای زیندانی هەتاهەتایەی پێدرا. ئا ئەوەیە وڵاتی یاسا، دادپەروەری، دیموکراتیەت! ئا ئەوەیە بەهای مرۆڤایەتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ!!

گیروگرفت و کێشەی جۆراوجۆری ناموسپەرستی و بەکارهێنانی توندوتیژی بەناوی پاراستنی شەرەف و ناموس لەناو کوردەکانی ئەوروپا بەگشتی و هی سوید بەتایبەتی دیاردەیەکی بڵاو و ئاشکراو قسەهەڵنەگرن. لە سوید جگە لە پێلا و فاتیمە دوو ژنی دیکەی کورد بەهۆی ناموسپارێزی کوژراون. هەروەها پۆلیس و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەی سویدی پێیان وایە چەند کوردێکی دیکەش لە سوید هەربەهۆی ناموسپەرستی کوژراون، بەڵام بەڵگەی سەد دەرسەدیان بەدەستەوە نییە بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوەکان. لە سوید بەبێ بەڵگەی گومانهەڵنەگر و باوەڕپێکراو مەحکەمە حوکمی کەس نادا ئەگەرچی تۆمەتپێکراو خۆیشی دان بە تاوانەکدا بنێ.

بەشێوەیەکی گشتی خێزانە کوردەکانی سوید کێشە و گرفتی ناموسپەرستی و بەکارهێنانی هێز و شەڕ و ناکۆکی ناو خێزان و ڕاونان و دەستلێوەشاندن و داواتۆمارکردنی پۆلیسی و دادگاییکردنیان زۆرە. هەڵبەتە نەتەوەکانی دیکەی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە لە ئەوروپادا دەژین هەمان گرفتیان هەیە بەڵام نەک بەو شێوە زۆر و چڕیەی کوردەکان، ئەوە لەکاتێکدا کە ژمارەی کورد زۆر کەمترە لە ژمارەی فارس و تورک و عارەب و نەتەوەکانی دیکە کە پەیڕەوی کولتوری ناموسپەرستی دەکەن.

پاش کوشتنی فاتیمە تاکو ئەمڕۆش دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارانی سویدی بەشێوەیەکی بێوێنە و بەرفراوان بەبەردەوامی باس و لێکۆڵینەوە لە کوشتنی ناموسی و کولتوری ناموسپەرستی و مەترسیەکانی ئەو دیاردانە لەسەر کۆمالگای سویدی دەکەن. کولتوری ناموسپەرستی چەوساندنەوەی ژنانی ئاسیاوی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پاش کوشتنی فاتیمە لە هەموو ئەوڕوپا تەقیەوە و بە جیددی و بەبەردەوامی باسی لێوە دەکرێ. بەریتانیا، هۆڵەندا، دانمارک، نەرویج، فەرەنسا و سوید هەندێ یاسای تازەیان هێناوەتە گۆڕێ بۆ کەمکردنەوەی گیروگرفت و ئازارەکانی ژنانی موسڵمان لە ئەوڕوپادا.

سیاسەتمەدارانای سویدی زوو تێگەیشتن کە کولتوری ناموسپەرستی و کوشتنی ناموسی هەڕەشەیەکی گەورە و جیددیە لەسەر سیستەمی دادوەری و دیموکراسی هەروەها لەسەر پرینسیپ و سیاسەتی دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاو و مافەکانی مرۆڤ لە سوید. لەبەرئەوە سوید لە هەموو وڵاتانی دیکەی دونیا زیاتر بەتەنگ چارەسەرکردنی گیروگرفتی ناموسپەرستیەوەیە. لە پاش کوشتنی فاتیمە حکومەتی سوسیال دیموکراتەکان 180 ملیۆن کرۆنی سویدی (نزیکەی 27 ملیۆن دۆلای ئەمەریکی) تەرخان کرد بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ کەم کردنەوی گرفتەکانی ناموسپەرستی و ڕێگەگرتن لە کوشتنی ناموسی لە ناو ئەو بیانیانەی کە لە سوید دەژین. حکومەتی تازەش کە لە پایزی پار دەسەلاتی گرتە دەست دەستبەجێ بڕیاریدا کە ئەویش سوورە لەسەر خەباتکردن دژی کولتوری ناموسپەرستی. ئا ئەوەیە وڵاتی یاسا و دیموکرات و ڕێزگر لە مافەکانی مرۆڤ.

بەڵێ ئێمەی کوردی دانیشتوی ئەوڕوپا کولتوری ناموسپەرستی و نەریتی کوشتنی ناموسی (غسل العار) و چەوساندنەوە و نزمسەیرکردنی ژن و سوکایەتیپیکردنی ژن و لێدانی ژنانمان بە دونیا و ئەوڕوپایەکان ناساند. بەرچاوترین و بەناوبانگترین و ناسراوترین قوربانیەکانی کوشتنی ناموسیی لە دونیادا تاکو ئێستا پێلا و فاتیمە بوون. کوشتنی ئەوان بوە هۆی ناساندنی کولتوری ناموسپەرستی بە دونیاو بە ئەوڕوپا. ئەمڕۆ کەم کەسی ئەوڕوپایی هەیە نەزانی کوشتنی ناموسی چییە! هاوکات زۆربەی ئەوڕوپایەکان وا دەزانن کوشتنی ناموسی تەنها لەناو کورددا هەیە و وا دەزانن هەر پیاوانی کورد ناموسی خۆیان خستۆتە ناو گەڵی ژن و بۆ پاراستنیشی خۆشەویستی و ئەوینیان قەدەغەکردوە و ئەویندار و دڵدارە بێتاوانەکان دەکوژن!!

لە 1920 ەکانەوە تاکو ئەورۆ دوژمنانی کورد، چ وەکو تاکەکەس چ وەکو دەوڵەت بەڕاست و بە چەپ بە هەموو شێوەیەک لەوانە لە ڕیگەی باڵوێزخانەکانیان و فیلم و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە، بەبەردەوامی هەوڵیان داوە و پارەیەکی زۆریان خەرج کردوە بۆ زراندن و شێواندن و پیسکردنی ناوی کورد و کولتوری کوردی لە لای ئەڕوپاییەکان. ویستویانە لە هەموو دونیا بگەیەنن کە کورد هیچنەزان و دواکەوتووە و شارستانیەتی نیە و شایانی ئەوە نیە وڵاتی سەربەخۆی خۆی هەبێ و توانای ئەوەشی نیە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆی بەڕێوە بەرێ. بە بۆچوونی من هەموو دوژمنانی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانیوە نیوەی ئەوەندە زەرەر و زیان لە مەسەلەی کورد و کوردستان و کولتوری کوردی بدەن وەک خێزانەکانی پێلا و فاتیمە لە ماوەی چوار ساڵ لێیان دا. ئەو دوو خێزانە کوردە نەک تەنها ناموسی خۆیان نەکرپەوە، بەڵکو بۆ خۆشبەختی دوژمنانی کورد ئابڕوو و شەرەف و ناموسی نەتەوەی کوردیان برد و پێشانی دونیایاندا کە کورد چییە و ئاستی هۆشیاری و شارستانیەتی لە کوێیە. کوردی وامان هەبێ دوژمنمان بۆ

چییە؟!

دەڵێن ئەگەر خوا غەزەب لە مێرووله بگرێ باڵی بۆ دروست دەکا. ئێمەی کوردیش وەک ئەوەی کە پێلا و (فاتیمە)مان بەس نەبووبێ ئەوە (دوعا)شمان بۆ زیاد بوو. تاکو ئێستا هەندێک کورد لە ئەوروپا، سەرەڕای پێلا و فاتیمە و هێشو و بەناز (دوو کچی 16 و 20 ساڵی کوردبوون کە بوونە قوربانی ناموسپەرستی لە بەریتانیا) وسەرەڕای هەموو قوربانی و کارەساتەکانی دیکەش، پارێزگاریان لە کورد دەکرد و پینەوپەڕۆیان بۆ دەکرد، بەڵام ئێستا کار لە کار ترازا و کەڵکی نەما.

## بۆچی دوعا کوژرا؟

ئەگەر مەبەست لە کوشتنی دوعا تەنها شەرەفکرینەوەی بنەماڵەکەی نەبووبێ ئەدی دەبێ مەبەست چی بووبێ؟ پێموابێ بکوژەکانی دوعا ویستیان تاوانەکەیان و وێنەگرتنی تاوانە بکەن بە دەرس و عیبرەت بۆ کچ و ژنانی دیکەی ئێزیدی. ویستیان پێشانی ژنانی ئێزیدی بدەن کە ئەوان بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابن کە ژنانی ئێزیدی ئەوین لەگەڵ موسڵماناندا بکەن.

لەڕوانگەی منەوە مەبەستێکی دیکەی بکوژەکانی دوعا سووکایەتیکردن بوو بە جوانەمەرگ و هاوکات دەربڕین و دەرکردنی ڕق و کینەی ناخی تاوانبارەکان خۆیان بوو. پرسیار ئەوەیە سوکایەتی بۆچی و ڕق و کینەی چی و هی کێ بەرامبەر بە کێ؟

لە دیمانەکەی گۆڤاری ژیانەوە باوکی دوعا و دەمڕاستی ئێزیدیەکان شێخ سولەیمان سڤۆ تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کوشتنی دوعا تەنها هۆکاری کۆمەڵایەتی و عەشایەری و ناموسپەرستی نەبوو، بەڵکو هەندێ لایەن دەستی خۆیان تێکەڵاوکردو پرسەکەیان کرد بە مەسەلەیەکی سیاسی.

دەزانین بە درێژایی مێژوو ئێزیدیەکان تێکەڵاویان لەگەڵ عارەب و کوردە موسڵمانەکان زۆر بووە. لێرەدا دەمەوێ بڵێم نابێ دوعا تاکە کچێکی ئێزیدیەکان بووبێ کە بەدرێژایی مێژوو ئیشقی کوڕێکی موسڵمان یان کوڕێکی عارەب بووبێ. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێستا ئەم کارە ناشیرینە دڵڕەقەیان ئەنجامدا و بە کامێرای ڤیدیۆ و مۆبایلیش وێنەیان گرت و بڵاویشیان کردەوە؟

لە فیلمەکان دەردەکەوێ کە بکوژە دڕندەکان زۆرن کە گەلەکۆیی لە دوعا دەکەن و هاتوهاواریان گوێی مرۆڤ کەڕ دەکا. لەوەدەچێ کە خەڵکی ئەم شارە هەر هەمووی هاتبێتە "سەیرانی" کوشتنی دوعا. سەرەڕای ئەوەش دەنگی "هەلهەلە" گوێبیست دەبێ بەتایبەت کاتێ کە دوعا گیان لەدەست دەدا. هەلهەلە تەنها لە کاتی دڵخۆشی و ئاهەنگ و سەرکەوتن و زاڵبوون – بەتایبەت زاڵبوون بە سەر نەیار و دوژمندا – لێدەدرێ. دوورنیە تاوانبارەکان لەو کاتەدا دوعایان وەکو دوژمن هاتبێتە بەرچاو، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە دڵداری کردبوو و شەوێک نەچووبووەوە ماڵی باوکی، بەڵکو لەبەرئەوەی عاشقی کوڕێکی موسڵمان بوو بوو. نەک هەر ئەوەندە و بەس لەبەرئەوەش کە گوایە چووبووە سەر ئاینی خۆشەویستەکەی.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نزیک لە کارەساتەکە بڕیاری کوشتنی دوعا چەند ڕۆژێک پێشی بەردبارانکردنی دوعا لە کۆبوونەوەیەکدا لەلایەن گەورەپیاوانی ئێزیدیەکان درابوو لەبەر ئەوەی گوایە جوانەمەرگ بوو بوو بە موسڵمان. هەروەها لە فیلمەکانیشدا گوێبیست دەبی کە یەکێک لە بکوژەکان لە کاتی لێدانی جوانەمەرگدا چەند جار بە دەنگێکی بەرز هاواردەکا و دەڵێ "وقع علی دینو اقتلوها". واتا دوعا لە دین وەرگەڕاوە و بۆتە موسڵمان و بیکوژن. هەروەها زۆر قسەی دیکەی ناشیرینیشی پێدەوترێ و کاتێکیش کە لەگیانداندایە چەند جار کراسەکەی لەسەر لەشی لەدەچێ یان لای دەدەن و لەشی لە ناوکیەوە تاکو پێیەکانی دەردەکەوێ و پیاوە بە ناموس و نەبەردەکانی کوردیش سەیری دەکەن و بە کامێرا وێنەی دەگرن.

تاوانبارەکان هەندێ قسەی سووک و ناشیرینیش دەکەن کە بە بۆچوونی من تەنها ئاماژە بۆ ویستی تۆڵەسەندنەوە و هەستی بێدەسەڵاتی ئەوان و دەربڕینی ڕق و کینەی ئەوان بەرامبەر بە عارەب و موسڵمانان دەکا. لێرەدا دەمەوێ بڵێم بکوژەکان زۆر داخیان لەدڵدا بوو و داخەکان و دەردی دڵی خۆیان بە دوعای بێ دەسەڵات و منداڵ ڕشت. من پێموایە ئەوان دوعایان وەکو نوێنەرێکی موسڵمانان – بە عارەب و کوردەوە - بینیوە و تۆڵەی خۆیان لەو کردەوە. مەبەستی تاوانبارەکان تەنها کوشتنی دوعا نەبوو بەڵکو بە کوشتنی دوعا ویستیان هەموو ئەو پردانە بڕووخێنن کە لەنێوانی ئەوان و موسڵمانان دا هەیە. ویستیان دۆستایەتی و هاودەنگی و هاوسەنگەری هاوسۆزی خۆیان و کوردە موسڵمانەکان بڕووخێنن. ویستیانماڵی خۆیان لەگەڵ موسڵماناندا جیابکەنەوە و پێشانی موسڵمانانیش – بە کورد و عەرەبەوە - بدەن کە ئەوان لەمەودوا لەناو ماڵی خۆیاندا ئازادن هەرچی بیانەوێ دەیکەن و منەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی (ئێراق)یش نازانن! کاسەکەی ئەوانیش پڕبوو و لێی ڕژایەوە! خۆشبەختانە هەموو ئێزیدیەکان پشتگیری لەم تاوانە ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێکیان نەفرەتی لێدەکەن.

دڵنیام لەوەی کە زۆر کەس پێیان وایە کە شێکردنەوەیەکی وا کە من لێرەدا پەنجەی بۆ ڕادەکێشم یان ڕاستتر وایە بڵێم کە من لیرە دانی بە ڕاستیەکی وا دەنێم زیان بە مەسەلەی نەتەوەکەمان دەگەیەنێ. من لەوەڵامدا دەڵێم هەموو ئێمە کە ئاگاداری ڕووداوەکە بووین و فیلمەکانی ڤیدۆمان بینیوە دەزانین کە ئەوە ڕاستیە ئینجا بۆچی بیشارینەوە و لەکێی بشارینەوە. موسڵمانە توندڕەوەکان و ناحەزانی نەتەوەی کورد ئەم هەلە و زۆری دیکەشیان قۆزیوەتەوە و بۆ زڕاندنی ناوی کورد و نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی نێوانی کوردی موسڵمان و کوردە ئێزیدیەکان بەکاریان هێناوە. زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی دراوسێ بە مەبەستی ناپاکی خۆیان بەشێوەی ناشیرین و زیانبەخش باسی ئەو ڕووداوەیان کردوە. لە داهاتووشدا هەر دەیکەن.

هەروەها کەناڵی تەلەفزیۆنی "کۆمەڵ"، پەخشی گەرمیان، کە سەر بە (کۆمەڵی ئیسلامی)یە لە چواری گوڵاندا چەند دەقیقەیەک لەو فیلمە ڤیدیۆیە پەخش دەکا کە پێشانی دەدا چۆن دوعا دەکوژرێ. بەبۆچوونی کەناڵی کۆمەڵ دوعا لەبەرئەوە کوژرا کە بوو بوو بە موسڵمان. هەرلەبەرئەوەش کەناڵی ناوبراو فیلمەکەی پەخشکرد. 13 کۆمەڵەوڕێکخراوی مەدەنی و حیزب و دەزگای دەوڵەتی بەشێوەیەکی فەرمی ڕەخنەیان لە پەخشکردنی فیلمی کوشتنی دوعا کرد و ئیدانەیان کرد. نوێنەرێکی گۆڤاری ژیانەوە دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری کەناڵی کۆمەڵ، ڕێزدار لوقمان مەحمود، دەکا و پرسیاری لێ دەکا کە مەبەستیان لە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆکە چیبوو. لەوەڵامدا ناوبراو دەڵێ مەرامێکی شەرعیمان هەبووە وەک کەناڵێکی موسڵمان. لەدرێژەی قسەکانیدا ناوبراو

دەڵێ دوعا لەبەر موسڵمانبوونی کوژرا. واتا کەناڵی ناوبراو بەمەبەستی دروستکردنی بارگژی و نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوانی کوردەموسڵمانەکان و کوردە ئێزیدیەکان فیلمەکەی بڵاوکردەوە. ئەم ڕێکخراوەیە ویستی موسلانەکان هانبدا و ڕشتیان بکا دژی ئێزیدیەکان.

با ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارە خەمخۆر و بەرپرسەکانی کورد بە دڵسۆزی و بە نیەتێکی پاکەوە دان بە ڕاستیەکاندا بنێین و هەوڵ بدەن بە جیددی زیانەکانی ئەم بارگرژیەو دووبەرەکیە کەم بکەنەوە و بارودۆخی ژنانی کوردیش بەرەو باشی ببەن و پیشانی دونیا و ناحەزانی بدەن کە کۆمەڵەوڕێکخراوە کوردیەکان و ئیدارەی کورد ئاگاداری دیاردە و ڕووداوەکان و هاوکات خەباتیش دەکا بۆ نەهێشتنی دیاردەی کوشتنی ناموسی. ئەگەر خۆمان ئەو کارە نەکەین ڕۆشەنبیرانی کورد و خەمخۆرانی دیکەی کورد بەناچاری دەبێ ئینکاری لە ڕاستیەکاندا بکا و بخزێنە ناو سەنگەری بەرگریکردن لە دیاردەیەکی وا نارەوا کە ناکرێ و ناتوانرێ بەرگری لێبکرێ کاتێ کە ناحەزان یان وڵاتانی ڕۆژاوا پەردە لەسەر ڕستیەکاندا لادەدەن و ڕەخنەشمان لێدەگرن. با خەمخۆرانی کورد خۆیان ئەم ڕاستیانە بکەنە سەنگەرێکی خەبات لەجیاتی ئەوەی وەکو چەکێکی کوشندە بیدەنە دەستی ناحەزانی گەلی کورد. دەڵێن مانگی چواردەشەو حەوجە بە پەنجە ناکا. با چیدی خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین. کاتی ئەوە هاتوە دان بەڕاستیەکان بنێین! با هەوڵ بدەین لێنەگەڕێین کارەساتی وا سەدجارە و هەزارجارە ببنەوە.

پرسیارێکی دیکە کە خۆی فەرزدەکا ئەوەیە: بۆچی ئێزیدیەکان وایان کرد و بۆچی دوعا بوو بە قوربانی شەڕ و ناکۆکی سیاسی و ئاینی نێوان لایەنەکان؟

**بۆچی دوعا بە شێوەیەکی وا دڕندانە کوژرا؟**

هەڵبەتە باوکی دوعا و شێخ سولەیمان سقۆ هەندێ لایەنی دیکەش تەئکید لەوە دەکەنەوە کە دوعا نەبوو بوو بە موسڵمان. بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە نەک تەنها دوعا بەڵکو هیچ کەس – نە مەسیحی نە ئێزیدی – لە هەموو پارێزگای موسڵ لەو پێنج-شەش مانگەی پێش کوشتنی دوعا بە شێوەیەکی فەرمی نەبووبوو بە موسڵمان. هەڵبەتە تاکو ئێستا دیار نییە و ڕوون نەبۆتەوە ئایا دوعا بووبوو بە موسڵمان یان نا. بۆنموونە بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی کۆمەڵ، ڕێزدار لوقمان مەحمود، لە دیمانەیەکدا دەڵێ دوعا لەبەر موسڵمانبوونی هەنجن هەنجن کرا. بۆ سەلماندنی قسەکەی ئاماژە بەوە دەکا کە گوایا کاتێ دوعا لەماڵی قەوالی ئێزیدیەکان دەرهێنراوە هاواری کردوە (الله الکبر). کەناڵی کۆمەڵ سەربە (کۆمەڵی ئیسلامی)یە. دیمانەکەی لوقمان مەحمود لە ژمارە 275 ی گۆڤاری ژیانەوە بڵاوکراوەتەوە. دوورنیە تاوانباران تۆمەتی موسڵمانبوونیان خستەر ئەستۆی دوعا بۆ ئەوەی بیکوژن و بۆ ئەوەی شەرعیەتیش بدەنە تاوانەکەیان. هەروەها بۆ ئەوەی دەردی دڵی خۆشیان بەو برێژن.

لە هەموو کات و شوێنێکدا و لەناو هەموو نەتەوە و کولتورێک و ئاینێکدا خەبات و تێکۆشان و جەنگ و بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی و لە هەندێ حالەتی تایبەتدا لە لای هەندێ ئایندا تەنانەت کوشتن و برین و تاڵانکردنیش حەڵالە و مۆڵەتی پێدراوە. واتا خەڵک زۆرجاران قبووڵی هەندێ تاوان و بەدکاری دەکەن و

شەرعیەتی پێدەدەن ئەگەر بەناوی ئاینەوە کرابن. هەر لەبەرئەوەشە هەندێ موسڵمان کاتێ کە لەسەر ناموس کچ یان خوشکی خۆیان دەکوژن دەڵێن ئاینی ئیسلام لەسەر ئێمەی فەرز کردوە کە لە حالەتی وادا بیان کوژین. من پێموابێ تاوانبارانی باشیقەش بۆ شەرعیەتدان بەتاوانەکەیان گوتیان دوعا لە دینی خۆی وەرگەڕاوە و بۆتە موسڵمان. واتا ئەوان وایان نیشاندا کە لەڕێگەی ئاینەوە و بۆ بەرژەوەندی ئاینی ئێزیدی ئەم کارەیان کرد.

## تۆڵە و ڕق و کینەی چی؟

بەگوێرەی هەندێ دەنگوباسی کوردی و ئینگلیزی لە ناوەڕاستی مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵدا کچێک کە سەر بەعاشیرەتی مزووری بوو لەماڵ باوکی ڕادەکا بۆ ئەوەی بەزۆر نەیدەن بەشوو بە کەسێک کە نایەوێ شووی پێبکا. کچەکە خۆی دەخاتە ناو ئۆتۆمۆبیلێک کە دوو گەنجی تێدادەبێ. گەنجەکان ئێزیدی دەبن و کچەکە ڕزگار دەکەن و دەیبەن بۆ شێخان و تەسلیمی ماڵی گەورەپیاوێکی ئێزیدیەکانی دەکەن. ڕۆژێ دوان دوای ئەوە مزوریەکان، کە عاشیرەتێکی زۆر گەورەو بەهێز و دەسەڵاتدارن، هێرش دەکەنە سەر شێخان و کچەکە ئەتک دەکەن و پاشانیش دەیکوژن. مزووریەکان بەوە ناوەستن بەڵکو داوای ئەوەش دەکەن کە دوو گەنجە ئێزیدیەکەشیان تەسلیمبکرێ بۆ ئەوەی ئەوانیش بکوژن لەبەرئەوەی گوایە ئەوان و کچەکە بەیەکەوە ناموسی ماڵی باوکی کچەکەیان بردوە. دوو گەنجەکەیان تەسلیم ناکرێ ئەوانیش لەداخاندا چەند جار هێرش دەکەنە سەر ئێزیدییەکان و ناوچەکانیان.

مزوریەکان دەستناپارێزن بەڵکو ناماقوولیەکی زۆر بەرامبەر بە ئێزیدیەکان دەکەن. تەنانەت هێرش دەکەنە سەر پەرستگای لالش و هەندێ زیانی پێدەگەیەنن. هەروەها هێرش دەکەنە سەرماڵی ڕیزدار (تەحسین بەگ)یش کە گەورە و ڕابەری ڕوحانی هەموو ئێزیدیەکانی دونیایە. مزوریەکان چەند ئۆتۆمۆبێلێک و پەڕتووکخانەیەکی گەورە و کۆن دەسووتێنن، کە هەندێک پەڕتووکی پیرۆز و زۆر کۆن و دەگمەنی تێدادەبێ. بە کورتیەکەی زەرەروزیانێکی زۆر لە ئێزیدیەکان دەدەن و سوکایەتیەکی زۆریان پێدەکەن. دوو پۆلیسی کوردیش کە لە موسڵ کاردەکەن دەستێکی باڵایان دەبێ لەم شەڕو هێرش و پێکدانانەدا. ئەو دوو پۆلیسە دەستگیر دەکرێن.

گوایا عاشیرەتی مزووری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دایە. بەواتایەکی دیکە زۆربەی ئەوانەی کە هێرشیان دەکردە سەر ئێزیدیەکان چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بوون لەبەئەوە پارتی نەیدەتوانی یان نەیدەویست هەوڵێکی جیدی بدا بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکانی مزوریەکان. شەڕ و هێرشەکان گەورە و زۆر و چڕ و توندوتیژ دەبن هاوکات ڕابەری ڕوحانی ئێزیدیەکان ڕێزدار تەحسین بەگ بڕیاردەدا کە ئێزیدیەکان، کە ژمارەیان لە باشووری کوردستان دەگاتە 300000-400000 کەس، دەست نەکەنەوە و بەرهەڵیستی هێرشەکانی مزوریەکان نەدەنەوە و پەرە بە شەڕەکە نەدەن. لەبەرئەوەش کە هێرشەکان ترسناک و زیانبەخش دەبن هێزەکانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەچن بۆ ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی ناوچەکانی ئێزیدیەکان لە هێرشە شەرمەزاری و دڕندەییەکانی مزووریەکانیان بپارێزن. گوایە هێزەکانی ئەمەریکا داوای لە یەکیەتی کرد کە هێزی سەربازی خۆی بۆ ناوچەکە بنێرێ. لە کۆتایی مانگی

ڕێبەندانداا ڕێزدار سیداد بارزانی وەکو نوێنەری سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەردانی شێخانی کرد بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی گرژ و ناهەمواری کوردە موسڵمانەکان و ئێزیدیەکان. ڕێزدار بارزانی لە شێخان لەگەڵ ڕێزدار تەحسین بەگ دانیشت و کۆبوونەوەی کرد. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەر ئەو هەنگاوە و دەستگیرکردنی دوو پۆلیس بەس بێ!

من پێموابێ دڵی کوردە ئێزیدیەکان لە کوردە موسڵمانەکان و لە پارتی دیموکراتی کوردستان شکا و هەستیان بریندار بوو. هێرشەکانی مزووریەکان بۆ سەر ئێزیدیەکان وای کرد کە ئێزیدیەکان هەست بەوە بکەن کە ئەوان بە کوردی پلە دوو و هاونیشتمانی پلە دوو لەقەڵەم دەدرێن و وەکو کەمەیەکی ئاینیش ماف و ئازادیەکانیان پارێزراونییە. من بە دووری نازانم کە کوشتنی دوعا بەم شێوە دڕندەییە بگەڕێتەوە بۆ کارەساتەکانی مانگی ڕێبەندان. هاوپەیمانیەتی لایەنەکانی کوردی لەگەڵ ئەم کارەساتانە زەرەرێکی زۆری لێکەوت. لەوەش خراپتر تاوانەکەی ئێزیدیەکان بوو دژ بە دوعا.

کوشتنی دوعا بەتایبەت لەبەرئەوەی گوایە جوانەمەرگ بووبوو بە موسڵمان درزێکی یەجگار گەورەی خستە نێوان ئێزیدی و کوردەموسڵمانەکان و ئێزیدی و عارەب. تاوانەکە ڕێگەی بۆ موسڵمانان خۆشکرد و شەرعیەتی پێدان کە زۆر یان کەم بە ئارەزووی خۆیان هێرش بکەنە سەر ئێزیدیەکان و پەلاماریان بدەن. پاش ئەم کارەساتە چەند جار لە کوردستان و لە موسڵ هێرش کرایە سەر ئێزیدیەکان و سوکایەتیان پێکرا. بۆنموونە لە زاخۆ لە 27-04-2007 کومەڵێک گەنجی ئەو شارە هێرش دەکەنە سەر چەند ئێزیدیەک کە بە مەبەستی کرێکراری ڕوویان لەو شارە کردبوو. گەنجەکان کرێکارە ئێزیدییەکان بەردباران دەکەن و بریندار‌یان دەکەن و سوکایەتیان پێدەکەن. هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێک گەنج لە گەڕەکی دیاری لە دهۆک بەردبارانی کۆمەڵێک کرێکاری ئێزیدی دەکەن لە کاتێکدا کە ئێزیدیەکان سەرقاڵی کارکردن بوون. لەهەولێریش لە زانکۆ و لە چێشتخانە و هۆتێل و لەناو بازاڕدا چەند جارێک هێرش دەکرێتە سەر قوتابی و کرێکارە ئێزیدیەکان و سوکایەتیان پێدەکرێ.

گرووپێکی زۆر توندڕەوی ڕێکخراوەی تەرۆریستی القاعیدە، کە پێش چەند مانگێک دەوڵەتی ئێراقی ئیسلامی ئیعلان کرد، لە موسڵدا فەتوای قەتلوعامی ئێزیدیەکانی دا. لە 22 ی نیساندا گرووپێکی تەرۆریستی سوننە عارەبەکانی موسڵ 24 کرێکاری ئێزیدی دەکوژن لەنێوان موسڵ و شێخان. لە 28 ی هەمان مانگدا دوو پۆلیسی ئێزیدی لە موسڵ دەکوژرێن. بەگشتی لێدان و کوشتن و سوکایەتیپێکردنی ئێزیدیەکان حەلال کراوە. موسڵمانەکان، بە عارەب و کوردەوە، وای نیشاندەدەن کە ئەوان لە ئێزیدیەکان زۆر دڵفراوانترن و ڕێگەدەدەن کچەکانیان دڵداری بکەن. وای نیشاندەدەن کە تەنها ئێزیدیەکان لەسەر ناموس ژنی خۆیان دەکوژن. موسڵمانەکان وای نیشان دەدەن کە ئەوان خۆیان قبووڵ دەکەن کە موسڵمانێک ببێتە ئێزیدی بەبێ ئەوەی سزای بدەن! موسڵمانەکان خۆیان وەکو فریشتە دەهێننە بەرچاو و ئێزیدیەکان وەکو شەیتان.

## مەترسی وزیانە نەتەوەیی و سیاسیەکان بەهۆی کوشتنی دوعاوە

من مەترسی و زیانەکان لە دوو ڕوانگەوە دەبینم. یەکەم مەترسی بە یەکیەتی و هاوپەیمانی و هاوسەنگەری

لایەن و ڕیزەکانی نەتەوەی کورد و داهاتووی ئێراق و ئیدارەی کوردستانەوە گرێدراوە. دووەم مەترسی پەیوەندی بە شەرعیەتی ئیدارەی کوردستانەوە هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا.

**مەترسی یەکەم**

هەموو حکومەتەکانی ئێراق لە 1920 کانەوە تاکو ئەمڕۆش بەشێوەی جیاواز – بە پارە، بە هەڕەشە و بە بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی – هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە ئێزیدییەکانیان داوە. فشاریان خستونەتە سەر بۆ ئەوەی ئەوان نەک وەکو کورد بەڵکو وەکو نەتەوەیەکی دیکە یان وەکو عارەب خۆیان ناونووس بکەن. خۆشبەختانە هەوڵەکانیان بەفیڕۆچووە. بەڵام بەزەبری کوتەک ناوچەکانیان خراونەتە سەر پارێزگای موسڵ.

لەپاش ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لە 1991 دا دامودەزگا مەدەنیەکان و دەزگاکانی سیخوڕی و هێزە چەکدارە داپلۆسێنەرەکانی خۆی لە باشووری کوردستاندا کێشایەوە بۆشاییەکی سیاسی لە باشووری کوردستاندا دروست بوو. پارتی و یەکیەتی توانیان هێدی هێدی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن، بەڵام زۆر لایەنی دیکەش – خۆماڵی و دەرەکی – هەوڵی ئەوەیان دا جێپێی خۆیان بکەنەوە یان ئەگەر هیچ نەبێ کۆنترۆڵی هەندێ گروپ و لایەن و ناوچە بکەن بۆئەوەی ئەگەر هیچ نەبێ لەکاتی پێویستدا هێمن و ئاسایشی ناوچەکە بشێوێنن و ئاژاوە و بارگرژی دروست بکەن.

ئەو هۆکارەی کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ سەرکەوتنی پیلانی گلاوی دوژمنانی کورد شەڕی خۆکوژی نێوان پارتی و یەکیەتی بوو. لەسای سێبەری شەڕی خۆکوژیدا ناحەزان زەفەریان بە کورد برد و خۆیان خزاندە ناو توێژ وچینی هەژار و برسی و بێدەرامەتی نەتەوەکەمان. هاتن تارادەیەک ئەو جۆرە خزمەتگوزاریانەیان پێشکەش بە دانیشتوان کرد کە حکومەتی هەرێم نەیتوانی یان نەیویست پێشکەش بە دانیشتوانی کوردستانی بکا. ئەوان هاتن لە کورستاندا قوتابخانە و باخچەی منداڵان و مزگەوت و نەخۆشخانەیان کردەوە و شەهیدانە و مانگانەیان بۆ هەندێ کەس و لایەن بڕیەوە و دەستیانکرد بە دابەشکردنی پارە و پێداویستیەکانی ژیان بەسەر ئەو خەڵکانەی کە بەناچاری لە بێدەرامەتی دەبوون بەهەواداریان و پشتگیریان لێدەکردن.

هەندێک حیزبی سیاسی ئیسلامی توندڕەو بەم شێوەیە لە کوردستاندا بناغەیان داکوتا و جێگەی خۆیان کردەوە. جگە لەوەش بەشێوەیەکی گشتی خەڵکێکی زۆر لە کوردستاندا بە ڕەزامەندی خۆی ڕووی کردەوە ئیسلام. بەتایبەت لەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی پارتی دابوون. دانیشتوانی کوردستان کەوتنە بەر شەپۆلێکی بەتەوژمی بەئیسلامبوون. ئەم دیاردەیە تەنها لەناو کورددا نییە بەڵکو لە دێرین زەمانەوە هەروابووە. کاتێ کە نەتەوەیەک یان گروپێک هەست بە بێئومێدی و بێدەسەڵاتی دەکا و ناتوانێ ڕەوشی ئابووری، کۆمەڵایەتی یان سیاسی دەوروبەری خۆی بگۆڕێ پەنا دەباتە بەر ئاین و خوا. خەڵک وا هەست دەکەن کە خۆیان هیچیان لەدەست نایەت و هیچیان پێناکرێ بۆ گۆڕین و باشکردنی ڕەوشی خۆیان بۆیە دەست لەخۆیان بەردەدەن و خوا دەکەنە وەکیل و پشت و پەنای خۆیان. هەرلەبەرئەوەیە کە دینداری و خواپەرستی لەو کۆمەڵگایانە کە تووشی کارەسات و قەیران و ئەزمە و نابووتی و نەهامەتی دەبن زیاد دەکا و پەرە دەسێنێ.

لە پاش ڕووخانی شوورەکەی بەرلین و هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، بەتایبەت پاش کارە تەرۆریستیەکەی

11 سەپتەمبەری 2001، ئاین ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە بەستنی هاوسەنگەری و دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتی لە نێو گروپ و نەتەوەکاندا. بە واتایەکی دیکە گومان و بارگرژی و کێشە و دژایەتی نێوان ئاین و ئاینزاکان لە هەموو دونیادا لە پەرەسەندندان بەتایبەت لە نێوانی موسڵمانان و مەسیحیەکان. موسڵمانەکان خۆشیان نەک هەر تەبا نین و هاوسەنگەر نین و بەس، بەڵکو وڵاتەکانی ئیسلامی و گروپە ئاینیەکان و گروپە ئەتنیکیەکانی ناو دونیای ئیسلامی هێدی هێدی لەبەر یەکتری دەترازێن و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دژایەتی یەکتری دەکەن.

هەروەکو ئاشکرایە ئێران بە دزی و بەئاشکرا لە هەموو ڕوویەکەوە کۆمەکی شیعەکانی ئێراق و لوبنان دەکا و وەکو چەکێک بەکاریان دێنێ دژی ئەمەریکاو ئیسرایل و هەندێ لایەنی دیکە. سوریا لە ڕێگەی گروپە توندڕەوە موسڵمانە شیعەکان کۆنترۆڵێکی تەواوی هەیە بەسەر لوبنان هەروەها ناکۆکی نێوان موسڵمانەکان و مەسیحیەکانی لوبنان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبوون دایە. تورکیا و سوریا و سعودی عەرەبی و ئوردنیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان زۆر یان کەم یارمەتی سوننەکانی ئێراق دەدەن. ئێران لەگەڵ تورکیا و سوریا و ئوردن و کوەیت و سعودی عەرەبی تەبا و هاودەنگ نین لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی ئێراق.

هەروەکو ئاشکرایە خەریکە سوننە و شیعەی ئێراقیش یەکتری قڕ دەکەن. هەردوولایان جاروبار پەلاماری مەسیحیەکان دەدەن. موسڵمانەکانی ئێراق بە کورد و بە عەرەبەوە هەر لە دێرین زەمانەوە ئێزیدیەکانیان چەوساندۆتەوە و مافەکانیان لێ زەوتکردوون پەلاماریان داون و لێیان کوشتوون و ناماقولیان بەرامبەر کردوون.

لەم 15 ساڵەی ڕابردوودا ڕەوشی ئابووری دانیشتوانی کوردستان زۆر باشتر و لەبارتربووە وەک لە خەڵکی ئێراق بەگشتی. هەروەکا لەپاش ڕووخانی دیکتاتۆریش ڕەوشی کوردستان بە بەراورد لە گەڵ هی ئێراق زۆر زۆر هێمن و ئارام بووە. باری ئابووری کوردستان لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە. لە کوردستاندا چەند زانکۆ و فرۆکەخانە هەن. زۆر لە بازرگانەکان و کۆمپانیاکانی بیانی ئۆفیسی سەرەکی خۆیان لە کوردستان داناوە، نەک لە بەغدا. هەندێ وڵات قونسڵیان لە کوردستان کردۆتەوە و هەندێکی دیکە بەتەمان بیکەنەوە. ئیدارەی کوردستان ڕێگاوبان و باخچە و سەیرانگا دروستدەکا. دانیشتوانی کوردستان هەفتەی دوو ڕۆژ پشوودانیان هەیە. بەکورتیەکەی یەکەمجارە لە مێژووی ئێراقدا ڕەوشی کوردستان لە هی عەرەبستان باشتر و لەبارتر بێ. وڵاتانی دراوسێ و شیعەو سوننەی ئێراق و سەددامیەکان و القاعدە چاویان بەو ڕەوشە "باشەی" کوردستان هەڵنایە. بەواتایەکی دیکە هەموو لایەنە ناحەزەکان، کە کەم نین، چاویان بریوەتە کوردستان و دەیانەوێ بەهەر شێوەیەک بێ وەکو باقی ئێراق وێرانی بکەن.

لەم چەند ساڵەی دوییدا، لەوەتەی سەرکردەکانی کورد پێویستیان بە دەنگی هاوڵاتیان هەیە، ئیدارەی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە ئێزیدیەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. مخابن سەرکردەکانی کورد بەپێی پێویست بە هانای ئێزیدیەکانەوە نەهاتوون و یارمەتیان نەداون و پشتگیریان لێنەکردوون. سەرەڕای ئەوەش گەورەپیاوان و باڵادەستانی ئێزیدیەکان چەند جارێک دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان بۆ نەتەوەی کورد و بۆ نیشتمان تەئکید کردۆتەوە. هەروەها یەکێک لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، د. دەخیل سەعید، ئێزیدیە و لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم چەند ئێزیدیەکی دیکەی باڵادەست هەن.

له هەموو ئێراق و بگرە لە هەموو ناوچەکەدا حزب و گروپە دینیەکان و ئەتنیکیەکان لەیەکتر دووردەکەونەوە و کێشەو ناکۆکیان کەوتۆتە ناو کەچی لە کوردستاندا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە پێچەوانەوە زۆر لە حزب و گرۆپەکانی کوردی لەیەکتری نزیک بوونەتەوە و دەستیان بە هاوکاری و هاوپەیمانیەتی کردوە، ئەگەر هیچ نەبێ بەڕواڵەت و بە شکل. نزیکبوونەوەی ئێزیدیەکان لە کوردی موسڵمان و لە حکومەتی هەرێم ئەوەندەی دیکە دوژمنانی کوردی نارەحەت کردوە. یەکیەتی و هاودەنگی ڕیزەکانی نەتەوەی کورد ئەمساڵ زیاتر هەستیارە و سەرئێشەیەکی یەجگار گەورەیە بۆ ناحەزان، چونکە بەگوێرەی ماددەی 140 ی دەستووری ئێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا دەبێ ڕاپرسی گشتی لە ناوچە کوردیە تەعریبکراوەکان بکرێ بۆ ئەوەی بزاندرێ خەڵکی ئەم ناوچانە دەنگ بۆ ئەوە دەدەن کە شوێنەکان بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی کوردستان یان هەر وەکو ئێستا بمێنێتەوە وەکو دەستکرد و پاشماوەیەکی سەددام حوسەین. من باوەڕ ناکەم کە ڕاپرسی ئەم ساڵ ئەنجام بدرێ.

بەشێکی کوردستان کە ئێزیدی تێدا دادەنیشێ لەژێر ئیدارەی پارێزگای (موسڵ)دان کە سەر بە ئێراقە، نەک بە ئیدارەی کوردستان. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر سەکردایەتی پارتی و یەکیەتی و ئیدارەی هەرێمی کوردستان زۆر بە هوشیارانە کارنەکەن و پارێزگاری لە ماف و ئازادی و بەرژەوەندیەکانی ئێزیدیەکان نەکەن و دڵیان ڕازی نەکەن قەرەبوونیان نەدەنێ دژی ئەو تاوانانەی کە دژ بەوان کراوە لەم ساڵدا دوورنییە نەک هەر شێخان و ژەنگار و ناوچەکانی دیکەی ئێزیدینیشی نیشتمانەکەمان نەگەڕێنەوە سەر ئیدارەی کوردستان بەڵکو نەتەوەی کورد هەتاهەتایە پارچەپارچە دەبێ و بەشێکی گەورەو ڕەسەن و دڵسۆز و نیشتمانپەروەری نەتەوەکەمان دەدۆڕینین. ئەگەر سەرکردەکانمان بەزانایی و بەشێوەیەکی پسپۆڕانە کارنەکەن خەونەکانی نەک تەنها سەددام حوسەین دێتە دی بەڵکو هی هەموو دوژماننی کورد.

## مەترسی دووەم

### وەدەستنەهێنانی شەرعیەتی سیاسی یان لەدەستدانی شەرعیەتی سیاسی

خەریکە کوردستان دەبێتە گۆڕستانی قوربانیەکانی ناموسپەرستی. سەرەڕای ئەوەش زۆر لە سەرکردەکان و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارەکانی کوردستانی باشوور هەوڵدەدەن کوردستان وەکو کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و عیلمانی و مۆدێرن و تازەخواز و پێشکەوتوو بە دونیا، بەتایبەت بە ئەوروپا و وڵاتانی ڕۆژاوا، بناسێنێ دەیانەوێ پەیوەندی دۆستایەتی و بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژاوادا بەهێزبکەن. سەرکردەکانمنا دەیانەوێ بە ئەوروپا و ئەمەریکا پێشانبدا کە کوردستان مێرگێکە لە ناو بیاباندا. دەبێ یەکێک لەمەبەستە سەرەکیەکانی سەرکردەکانی کوردستان ئەوەبێ پشتیگری ئەمەریکا و ئەوروپا بۆ کوردستان بەدەست بێنێ هەمئاهەنگ و هاوسەنگەر بۆ کورد پەیدا بکا.

پارتە سیاسیەکانی کورد و سەرکردەکان و بەشێک لە نووسەر و ڕۆشەنبیرانی کورد و تەنانەت هی بێگانەش لە دێرین زەمانەوە بانگاشەی ئەوەیان کردوە کە گوایە پیاوی کورد لە پیاوی دراوسێکانی نەرمتر و بەزەییترە بەرامبەر بە ژن هەروەها گوتویانە پیاوی کورد باش و دڵفراوانەو و ماف و ئازادی ژنی زەوت نەکردوە. گوتویانە کە ژنی کورد، بەتایبەتی هی لادێنیشین، لە ژنانی دیکەی موسڵمان ئازادتر و سەربەخۆتر و

چاوکراوەترە و ناچارنەکراوە کە عەبا و پێچە هەڵبگرێ.

جگە لەوەش گوتراوە کە ژن و پیاوی کورد لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بەڵکو هەروەکو ئەوروپاییەکان تێکەڵاویان هەبووە و تەنانەت دەڵێن ژنی کورد توانیویەتی میوانی پیاو بحەوێنێتەوە و لەگەڵیدا دابنیشی و دەمەتەقێی لەگەڵدا بکا. دەڵێن ژنی کورد خاوەن بڕیارە و دەسەڵات و پلە و پایەیەکی زۆر بەرزی هەیە هەم لە ناو خێزاندا هەم لەناو کۆمەڵگادا. هەروەها دەڵێن کوڕ و کچی کورد ئازادن لەوەی کە پەیوەندی خۆشەویستی ببەستن. دەڵێن زۆربەی کوڕ و کچانی کورد بە ئارەزووی خۆیان هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن. نوسەرێکی ئینگلیز دەڵێ فرەژنی لەناو کورداندا زۆر دەگمەنە. یەکێکی دیکە دەڵێ ژنانی کورد وەکو ژنی هەر نەتەوەیەکی ئەوروپایی ئازاد و سەربەخۆیە.[4]

پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم شتانە وتراوە و نوسراوە و بۆچی سەرکردە و نووسەرانی کورد بەبەردەوامی بەگوێی ئێمەیاندا چپاندوە کە ژنی کورد چەوساوە نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئازاد وسەربەخۆن؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەمەوە دەمەوێ ئەم ڕووداوەش باس بکەم کە خۆم بەسەرم هات.
من لە کۆتایی ساڵی 1981، کاتێ کە تەمەنم 18 ساڵ بوو، کوردستانم بەجێهێشت. لەسەرەتادا لە وڵاتێکی عەرەبی ڕۆژنامەوانیم خوێند و لەو 23 ساڵەی دوایشدا لە سوید دەژیم. من لە زانکۆی گۆتنبرگ لە سوید لە ناوەڕاستی 1990 کاندا پلەی بەکەلۆرۆس و ماستەرم هەم لە کۆمەڵناسی هەم لە زانستەکانی سیاسەت وەدەست هێناوە.

لە بەشی کۆمەڵناسی ڕۆژێکیان مامۆستای بەرپرسی کۆرسەکەمان یەکە یەکە پرسیاری لێکردین کە ئێمەی خوێندکار دەمانەوێ نامەی بەکەلۆریۆسەکەمان لەسەر چی بنووسین. کاتێ کە نۆرەی من هات من گوتم من دەمەوێ لەسەر چەوساندنەوەی ژنی کورد بنووسم. کچێکی 23-25 ساڵەی سویدی هاتە وەڵام و گوتی بۆچی وادەڵێی مەبەستت چییە! منیش پرسیارەکەی ئەوم پێ سەیر بوو و گوتم تۆ خۆت مەبەستت لە پرسیارەکەت چییە و بۆچی ئەو پرسیارەم ئاراستە دەکەی. گوتی وەکو من بزانم ژنی کورد چەوساوە نییە بۆیە زەحمەت دەبێ بۆ تۆ لەسەر ئەم دیاردەیە ڕاپۆرت بنووسی. منیش گوتم خۆزگە وابایە. پاش چەند خولەکێک گفتوگۆ کۆتاییمان بە وتووێژەکەمان هێنا.

کاتی پشوودان چوومە لای کچەکە و پرسیارم لێی کرد کە ئەو چی دەزانێ لەسەر کورد و ژنی کورد و بۆچی هەڵبژاردنی بابەتەکەی منی بەلاوە سەیر بوو. کچەکە گوتی من خۆم چەند پەڕتووکێکم لەسەر کوردان خوێندۆتەوە و بەگوێرەی ئەوان ژنی کورد ئازاد و سەربەخۆیە. هەروەها گوتی پێش ماوەیەکیش لە کاتی خوێندنی ڕشتەیەکی دیکە هاوپۆلێکی کوردم هەبوو. گوتی هاوپۆلەکەم هەم بۆ من هەم بۆ کەسانی دیکەی سویدی باس دەکرد کە ژنی کورد چەوساوە نییە... هاوپۆلە کوردەکەی ئەم کچە سویدیە ئێستا لە کوردستان باڵادەستێکی سیاسی کەم وێنەیە و واش خۆی نیشان دەدا کە پارێزگاری لە ماف و ئازادیەکانی ژن دەکا. بە قسەی هەولێریان ئەو کەسە ئێستا لە کوردستان دار بکوشێ ئاوی لێدێنێ.

من خۆم کوڕەجوتیارم و لە دایکبووی ناوچەیەکی عەشایر و تەقلیدی کوردستانم. باوکم دوو ژنی هەبوو.

چوار خوشک و سێ برام هەیە. هەر لە منداڵیەوە، هەم لە ماڵی خۆماندا هەم لەناو ئەو شارۆچکەی کە لێی گەورە بووم، هەستم بە چەوساندنەوەی ژن دەکرد. ئەو وەسف و پێناسە گەشبینانەی کە بەرگوێم کەوتبوون لەگەڵ ئەزموونەکانی من یەکیان ناگرتەوە. بۆیە کە لە بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی گۆتنبگ لە سوید دەرفەتم بۆ ڕەخسا بەبێ سێ و دوو بڕیارم دا نامەکەی بەکەلۆریۆسم لەسەر چەوساندنەوەی ژنان بنووسم. بۆ ئەو مەبەستە بۆ بەشی تیۆری نامەکەی بەکەلۆریۆسم کۆمەڵێک وتار و بابەت و پەرتووکم خوێندەوە. بۆم دەرکەوت کە خەڵکانێکی زۆر، کورد و عارەب و ڕووس و ئەوروپایی، زۆر بە باشە لەسەر ڕەوشی ژنی کوردیان نوسیوە و وێنەیەکی شێواویان پێشکەش بە خوێنەر کردوە. هەروەها بۆم دەرکەوت کە هەندێک لەوانە گەڕۆک بوون و هەندێکیشیان ماوەی کورت یان کەم لە کوردستان مابوونەوە. واتا نابێ بە پێی پێویستیت زانیاریان لەسەر ژنی کورد هەبووبێ بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر ڕەوشی ژنان و چەوساندنەوەی ژنان بنووسن.

جگە لەوەش بۆم دەرکەوت کە زۆر لەو نووسەرانە دراساتی ورد و زانستییان لەسەر رەوش و ژیانی ژنی کورد نەکردبوو، بەڵکو تەنها دووربەدووری سەیری ژنی کوردیان کردبوو و تێبینی ژیانی ڕۆژانەیان کردبوون لە دەرەوەی ماڵەکانیاندا. واتا ئاگادرنەبوونە کە ژن لە نێوانی چوار دیواری ماڵەکەی خۆیدا چۆن ژیاوە و چۆن و چ کارێکی کردوە. سەرەڕای ئەوەش مۆڵەتیان بەخۆ داوە کە بەئارەزووی خۆیان شت بنووسن. بۆ نموونە یەکێک لە پسپۆڕە هەرە گەورە کوردناسەکان، پرۆفیسۆر (نیکیتین)ی رووسی، تەنانەت یەک جاریش لەگەڵ ژنێکی کورد دانەنیشتوە و قسەی لەگەڵ یەک ژنی کورد نەکردوە، سەرەڕای ئەوەش بەڕاشکاوی شت لەسەر ژنی کورد نووسیوە. لە 1880 کان و سەرەتای 1900 کاندا لە ئەوروپاش مەرجی قورس و گران نەبوو بۆ چۆنیەتی نووسینی پەرتووک، بەتایبەت ئەو پەرتووکانەی کە زانستی نەبوون.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەو نووسەرانە هەرهەموویان پیاون و لە ڕوانگەی پیاوەوە سەیری ڕەوش و ژیان و ئەرکی ڕۆژانەی ژنانیان کردوە. ئێمە دەزانین هیچ پیاوێک، هەرچەندە زۆریش هەوڵبدا، بە هیچ شێوەیەک ناتوانی بە پێی پێویست یان وەکو ژن خۆی لە قووڵایی ژان و ئازار و چەوساندنەوی ژن بگا. ئەو پیاوانەی کە بەشێوەیەکی باش و گەشبین باسی ڕەوش و باری ژیانی ژنی کوردیان کردوە نەیانویستوە بەشێوەیەکی هاوتا و یەکسان سەیری ژن و پیاو بکەن، بەڵکو ژنیان لە قالبێک داناوە و پیاویشیان لە قالبێکی دیکە داناوە هەر بۆیەشە ئەوان بەراوردی پلە و پایە و ماف و ئازادی پیاوی کورد و ژنی کورد ناکەن بەڵکو هی ژنی کورد و ژنانی نەتەوەکانی دراوسێ دەکەن. بەلای ئەوانەوە ستەم بووە کە ژن و پیاو بە هیچ شێوەیەک بەراورد بکرێن.

ئەو ڕاستیانە و قسەی کچە سویدیە هاوپۆلەکەم وای کرد کە سوور بم لەسەر نووسینی نامەکەم هەرچەندە دراسەتەکەم دواکەوت و گرفتی تێکەوت و خەرجیەکی زۆریشی تێچوو. من بڕیارم دا ڕوو لە ژنانی کورد خۆیان بکەم و پرسیار لە خۆیان بکەم خۆیان بهێنمە دەنگ. ئەوەبوو لەسەرەتای 1990 کاندا لە سوید کۆمەڵێک پرسیارم بەسەر 587 ژنی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاوکردەوە. ئەو ژنە کوردانە دانیشتووی سوید بوون. جگە لەوەش چاوپێکەوتنم لەگەڵ 7 ژنی کورد کرد. من لە دراسەتەکەمدا بەراوردی ماف و ئازادی و پلە و پایەی ژنی کورد و ژنانی فارس، عارەب و تورکم نەکرد بۆیە مۆڵەت بەخۆم نادەم لەسەر ئەمە شتێک بڵێم بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە دراسەتەکە پیشان دەدا کە ژنانی کورد خۆیان بۆچوونێکی

تەواو جیاوازیان هەیە لەگەڵ بۆچوونی هەموو ئەو پیاوانەی کە بە شیوەیەکی زۆر گەشبینانە باسیان لە ڕەوش و باری ژیانی ژنی کورد کردوە. ئەنجامی دراسەتەکەی من نیشانی دا کە ژنی کورد خۆی خۆی زۆر بە چەوساوە دێتە بەرچاو. من نزیکەی ساڵیک بە دراسەتە مەیدانیەکەمەوە خەریک بووم و نامەکەم بریتیە لە دەوروبەری 100 لاپەڕە، بەڵام جێگەی ئەوە نییە لەوە زیاتر باسی لێوە بکەم.

من پێموابێ پارتە سیاسیەکان و سەرکردەکانی کورد ویستویانە خۆیان ڕاستەوخۆ هەروەها لە ڕێگەی هەندێ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کوردی ساویلکە و خۆشباوەڕ هەڵبخەڵەتێنن و تاریکترین و شەرمەزارترین ڕووی کولتوری نەتەوەکەمان بە شێوەیەکی گەش و ڕوون و باش و پۆزەتیڤ باس بکەن. پێیان شەرم بووە دان بەڕستیەکاندا بنێن. هەروەها ویستویانە کە هەموو هێز و وزە و توانای هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا لە پێناوی خۆیان و پارتە سیاسیەکانیاندا بەکاربێ نەک بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بە گشتی یان بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژن. وایان زانیوە کە ناتوانرێ تێکۆشان و خەباتی نەتەوایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لەیەک کاتدا بکرێ. وایان زانیوە کە دەبێ یان ئەوەیان بێ یان ئەوی تر بۆیە بەم شێوەیە باسیان لە ڕەوش و باری ژیانی ژنانی کورد کردوە و ئەم وێنە شێواوەیان پێشکەش کردووین. هەروەها گوتویانە ئەگەر کوردستان ڕزگاربێ و دەوڵەتی سەربەخۆ دروستبکا ئەوکاتە ڕەوشی ژنی کورد ئەوەندەی دیکەش باش دەبێ.

نامەی ماستەرەکەم لە بەشی کۆمەڵناسی لەسەر پلەو پایەی ژنە لە ئاینی ئیسلامدا. نامەکانی بەکەلۆریۆس و ماستەرەکەم لە بەشی زانستەکانی سیاسەتدا لەسەر دیموکراسی و پرۆسەی دیموکراسیە. پاش وەدەستهێنانی نامەی بەکەلۆریۆس و ماستەر لە بەشی زانستەکانی سیاسەت مامۆستاکەم داوای لێکردم کە لەگەڵ خۆی و دوو مامۆستای دیکەی زانکۆکە بەشداری لێکۆڵینەوەیەکی پێنج ساڵەی زانستی بکەم لەسەر دراسەتکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. فەلەستین و کوردستانی باشوورمان هەڵبژارد.[5] دەزگایەکی گەورە و ناسراوی دەوڵەتیی سویدی دەوروبەری دوو ملیۆن کرۆنی بۆ تەرخان کردین بۆ خەرجی هاتووچۆ و کۆنفراسات و سەرچاوە پەیداکردن. دراسەتی بەشی کوردستان کەوتە سەر شانی من و سێ کەسەکە سویدیەکەش کە، پسپۆڕن لەسەر فەلەستین، خەریکی بەشی فەلەستین بوون. من دوو ڕاپۆرتم نووسی ئەوانیش هەر یەکەی یەک ڕاپۆرت. ڕاپرتەکانمان پاشان بوون بە پەرتوکێک بە زمانی ئینگلیزی و لەسەر ماڵپەڕی زانکۆی گۆتنبرگ بڵاوکراوەتەوە - سەیری سەرچاوەکان بکە لە خوارەوە.

چەوساندنەوەی ژنان و ڕەشەکوژی ژنان و بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی دیموکراسیدا بەشێک بوو لەو دراسیەم و نامەکانی ماستەرم لە کۆماڵناسی و زانستەکانی سیاسەتدا. بۆ بەئەنجامدانی دراسەتەکەم لەسەر پرۆسەی دیموکراسی لە 1999 تاکو 2003 پێنج جار سەردانی کوردستانم کرد و چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەوروبەری 100 کەس و لایەن کرد. ئەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵداکردن بریتیبوون لە هەندێ لە وەزیرانی هەردوو ئیدارەکەی پارتی و یەکیەتی، ئەندامانی سەرکردایەتی پارتە سیاسیەکانی کوردستان بە کورد و کەمە نەتەوەکان و کەمە ئاینیەکانەوە، نوێنەری دوو ئیدارەکەی کوردستان، هەندێک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان، دادوەر و پارێزەر و ڕۆژنامەوان و بەپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و نوێنەری کۆمەڵەوڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان بەتایبەت هی ڕێکخراوەکانی ژنان. هەروەها چاوپێکەوتنم لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵپارێز کرد. هەروەها چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەند لەو ڕێکخراوانەش کرد کە

پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

پاش دەوروبەری حەوت ساڵ دراسەت بۆم دەرکەوت کە کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان ئازاد و سەربەخۆ نەبوون. ئەوان نەک هەر نەوێرابوون یان نەیانویستبوو ڕەخنە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و پارتە زلهێزەکان بگرن و هاوسەنگیەک بۆ دەسەڵاتداران و دامودەزگاکانی دەوڵەتی دروست بکەن، بەڵکو خۆیان ببوون بە بەشێک لە پارتە سیاسیە زلهێزەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت و وەکو خوێن و گۆشت تێکەڵاوی ئەوان ببوون. دراسەتەکەم نیشانی ئەوەی دا کە لە کوردستان ئەو چەند کۆمەڵە و ڕێکخراوەی کە لەسەرەتادا وەکو بێلایەن و سەربەخۆ دروستبوون هێدی هێدی ناچارکران کە خۆیان بە یەکێک لە لایەنەکاندا بگرن و لە پارتە سیاسیەکان زیاتر حیزبایەتی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەکی ئابووری وەربگرن و بژین. زۆر شتی دیکەش.

هەڵبەتە نوێنەری کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان خۆشیان زۆر کەمتەرخەم بوون و ئامادەی ئەوە نەبوون لەگەڵ دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران بکەونە کێشە و ململانێ. بۆ تێکنەدانی بەرژەوەندی خۆیان یان بێدەنگ بوون یان لەگەڵ دەسەڵاتداران بوونەتە هاوسەنگەر و هاودەنگ و بەئارەزووی ئەوان هەلسوکەوتیان کردوە. زۆربەی هەرە زۆری برپرس و کارمەندەکان نەیانزانیوە ئەرک و ڕۆڵی ئەوان خۆیان بۆ بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا چی بووە. بێگومان کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکان برپرەی پشتی دیموکراسین. بەبێ کۆمەڵەوڕێکخراوەی مەدەنی مەحاڵە دیموکراسی لە شوێنێکدا سەربگرێ. کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنییەکان کۆمەڵێک ئەرک و ڕۆڵی زۆر زۆر گرنگیان لەسەر شانە بۆ بەرەوپێشوەچوونی کۆمەڵگا و بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگا یان بۆ ئەوەی کە دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکدا بتوانێ ڕەگ و ڕیشە دابکوتێ و سەرکەوتووبێ. بەڵام بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆر لە بەرپرس و ڕابەرانی کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستان ئاگاداری ئەو ڕۆڵ و ئەرکە گرنگانە نەبوون.

ئەوەی لێرەدا گرنگەو دەمەوێ باسی بکەم مەسەلەی ژنان و ڕەشەکوژی ژنانە. دەکرێ ئەو ڕێکخراوانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون دابەشی سەر سێ گرۆپ بکرێن: گرۆپی یەکەم، ئەوانەن کە سەر بە کەمەنەتەوە و کەمە ئاینەکانن، گرۆپی دووەم، ئەوانەن کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان یان یەکیەتی نیشتمانی کوردستانن هەروەها گرۆپی سێهەم ئەولایەنانەن کە سەر بە پارت و ڕێکخراوەی دیکەن نەک پارتی و یەکیەتی.

زۆر زۆر بەکورتی سەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم ئەوە دەردەخا کە هەموو کۆمەڵەوڕێکخراوەکان لە پێش هەموو شتێکدا خزمەتی ئەو پارتە سیاسیە دەکەن کە خۆیان پێوەیبەندن یان پێوەی لکاون. ئەوان زیاتر بەتەنگ بەرژەوەندی خۆیان و پارتەکانی خۆیانن و گوێڕایەڵی سەرکردەکانی خۆیانن وەک پێداویستی و داخوازی ئەندامەکانیان و خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کۆمەڵگا. بۆ نموونە یەکیەتی ژنان یان لاوان یان قوتابیانی کوردستان تەنها بە ئیرشاداتی پارتی و بەگوێرەی سیاسەت و بەرژەوەندی پارتی و سەرکردەکانی پارتی کاریان دەکرد و خەباتیان دەکرد، نەک بە پێی پێداویستی و داخوازی ژنان، لاوان یان قوتابیان. پارت لەسەرووی هەموو شتێک و لایەنێکەوە بوو بۆ کۆمەڵەوڕێکخراوەکان. زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراوەکان دەستکردی پارتە سیاسیەکان بوون و ملکەچ و پەیوەستبوون بە کۆمەکی ئابووری ئەوان بۆیە سەربەخۆ

نەبوون و نایانتوانی فشار بخەنە سەر یان دژی سوڵتە و ئیدارە و پارتە زلهێزەکان کار بکەن یان ڕەخنەیان لێبگرن.

هەندێ لەوانەی کە من ویستم چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەم ئەسڵەن نەوێران بەبێ مۆڵەت لەو پارتانەی کە خۆیان تێیدا ئەندام بوون چاوپێکەوتن لەگەڵ مندا بکەن، هەندێک سەرەڕای مۆڵەتیش هەر نەوێران چاوپێکەوتنم لەگەڵدا بکەن. لە ڕووشیان ناهات بڵێن نایکەین، بەڵکو بەڵێنیان دەدا و پاشان خۆیان دەشاردەوە. ئەو کەسانە منیان زۆر ماندوو کرد و وەختێکی زۆریان لێبەفیرۆدام.

چەند یەکێک لە گروپی سێهەم، ئەوانەی نە لەگەڵ پارتین نە لەگەڵ یەکیەتین، ڕەخنەی زۆر و توندیان ئاراستەی پارتە زلهێزەکان دەکرد کە بەبۆچوونی ئەوان هیچیان بۆ ژنانی کوردستان نەکردوە. بۆنموونە هەندێک لەو کەسانە گوتیان پارتی و یەکیەتی نەک هەر هیچیان نەکرد بۆ نەهێشتنی کوشتنی ناموسی، بەڵکو ئەوان خۆیان بەشداریان کردوە لە ڕەشەکوژی ژنان... نوێنەرەکانی ئەم گروپە ئەوەیان درکاند کە کوشتنی ژنان لەسەر ناموسپەرستی زۆر لە زیادبوون دابووە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس.

گروپی دووەم، ئەوانەی سەر بە (پارتی یان یەکیەتی)ن کە زۆربەبوون، هەوڵیان دەدا بە هەموو شێوەیەک ڕاستیەکان بشارنەوە. زۆربەی هەرەزۆریان ئینکاریان دەکرد کە لە کوردستان ژمارەی کوشتنی ژنان زیادی کردبێ. هەر هەموویان دەیان گوت ڕاست نییە لە کوردستان لەسەر سیاسەت ژن نەکوژراوە. هەندێکیان دەیان گوت خۆ ژمارەی پیاوەکوژراوەکان زۆر زیاترە لە هی ژنان تۆ بۆچی هەر باسی ژنەکان دەکەیت. منیش دەمگوت خۆ من باسی هۆکارەکانی کوشتنی ژنانم نەکردوە، بەڵکو تەنها وەکو دیاردە باسم کردوە. هەروەها دەمگوت خۆ من نەمگوتوە ئەو ژنانە لەسەر سیاسەت کوژراون. ئەوکاتە سەریان سوڕدەما و دەتاسان. منیش دەمگوت ڕاست دەکەن منیش دەزانم کە لە کوردستان لەسەر سیاسەت ژن ناکوژرێ. دەمگوت ئەوندە ڕێز لە ژن و هێزو و توانای ژن و ماف و ئازادیەکانی ژن نەگیراوە و ڕێگەش بە ژن نەدراوە کە لەسیاسەت و بنیاتنانی کۆمەڵگە بەشداربیکا. لەبەرئەوە منیش دەزانم ئەوان لەسەر سیاسەت ناکوژرێن.

ئەوەندی دیکە سەریان سوڕدەما. زۆریان پرسیاریان دەکرد و دەیانگوت ئەدی مەبەستت چییە؟ منیش یا ئەوەتا دەمگوت مەبەستم ڕەشەکوژی ژنانە یان دەمگوت لیستێکم پێیە کە ناوی زیاتر لە 400 ژنی کوژراو و بکوژەکانیشیانی تێدایە... زۆر لەوان ئەوکاتە یەکسەر دەیان گوت ئاهاااااا کاکە تۆ مەبەستت ئەوژنانەیە کە لەسەر "بێئەخلاقی" و گرفتی کۆمەڵایەتی و عەشایری کوژراون. منیش دەمگوت بەڵێ من مەبەستم کوشتنی ناموسییە. ئەوکاتە دەیان گوت ئێ ئێمە چی بکەین و دەسەڵاتمان چییە؟ دەیانگوت ئەوە مەسەلەیەکی عەشایری و خێزانییە و پەیوەندی بە دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵەوڕێکخراوە مەدەنییەکان نییە. دەیان گوت کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیە و ئێمە هەر وا ژیاوین و ئاین و داب و نەریتی ئێمە وا دەخوازێ. هیچ لەو کەسانە پێیان وانەبوو کە ئیدارەکانی پارتی و یەکیەتی کە حاکمڕانی کوردستان بوون بەرپرسبوون لە قەدەغەکردنی کوشتنی ناموسی.

هەندێک لە دەسەڵاتدارە باڵادەستەکان زۆر زۆر لێم تووڕەدەبوون کاتێ کە وشەی ڕەشەکوژیم بەکاردەهێنا. چەند یەکێک لەوان گوتیان بۆت نییە ئەم چەمکە یان ئەم تێگەیە بەکاربێنی. هەرهەموویان لەم گرووپەدا دەیان

گوت دیاردەی ناموسپەرستی و کوشتنی ناموسی بارودۆخ و شێوەی ژیانی ژنان و چەوساندنەوەی ژنان پەیوەندیان بە سیاسەت و ئیدارەی دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە نییە و دەکەونە دەرەوەی ئەرک و رۆڵی ئیدارە و پارتە سیاسیەکانەوە. کاتێ کە باسی پێلا ئەتروشی و فاتیمە شاهیندالم بۆ دەکردن وپرسیارم لێدەکردن بۆچی دەوڵەت و پۆلیس، داواکاری گشتی و دادگاکان و دامودەزگاکانی سویدی وا کاریان کردوە و بە جیددی ئەو مەسەلەیان گرتوە ئەگەر ئەمە کارێکی شەخسی و عەشایری و خێزانی بێ دەیان گوت ئێمە موسڵمانین و کوردین و داب و نەریتی خۆمان هەیە و پەیوەندیما بە وڵاتانی دیکەوە نییە و ئەوان کەیفی خۆیانە چیدەکەن.

چاوپێکەوتنم لەگەڵ پیاوێک کرد کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێک لە پارتە زلهێزەکان بوو هاوکات سەرۆکی رێکخراوەیەک بوو کە 50000 ئەندامی هەبوو. ئەو پیاوە کە کەسێکی زۆر عەشایر بوو گوتی ئێمە موسڵمانین خاوەن ئەخلاق و ناموسین و دابونەریتی خۆمان هەیە. هەروەها گوتی لەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستاندا 'بێ ئەخلاقی' زۆر بووە لەبەرئەوە "ساحێبەکانیان دەیان کوژن". گوتی "با من پێت بڵێم 99% هەموو ئەو ژنانەی کە تۆ باسیان دەکەی لەسەر 'بێ ئەخلاقی' کوژراون نەک لەسەر سیاسەت". گوتی ئەو ئازادی و بەرەڵایەی کە لە ئەورووپادا هەیە بۆ ئێمەی کورد و موسڵمان دەست نادا. گوتی داب و نەریت و ئاینی ئێمە ئەو ئازادیە قبووڵ ناکا... هەروەها گوتی مەسەلەی ئەخلاق و ناموسپەرستی پرسی خێزانین و پەیوەندی بە پۆلیس و دادگاو دەزگاکانی دەوڵەتەوە نییە. زۆر لەو کەسانەش کە خۆیان زۆر بە رۆشەنبیر و مۆدێرن و پێشکەوتووخواز دەزانن هەر هەمان بۆچوونی ئەم پیاوە عەشایرەیان هەبوو. هەندێکیان دەیانگوت کە گوێیان لە ڕەشەکوژی نەبووە هەندێکی دیکە دەیانگوت گوێیان لێبووە کە ژنێک یان دوو ژن کوژراون... پارتە زلهێزەکان پێویستیان بەو جۆرە کەسانە و ڕابەر و باڵادەستانەیە بۆ مانەوەی خۆیان.

لەگەڵ ژنێکی گەنج چاوپێکەوتنم کرد کە سەرۆکی رێکخراوەی فریاکەوتنی منداڵ بوو و هاوکات ئەندامی سکرتاریەتی یەکیەتی ژنانی کوردستان بوو. ئەو ژنە گەنجە ئۆفیسێکی گەورەی هەبوو چەند کارمەندێک لەوێ لەژێر دەستی ئەو کاریان دەکرد. بیروبۆچوون و هەڵوێستی ئەو ژنە لە هی هەموو پیاوەکان خراپتربوو. بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو دان بەوەدابنێ کە لە کوردستاندا ژن دەکوژرێ. گوتم من لیستێکم پێیە ناوی زیاتر لە 400 ژنی تێدایە کە لە کوردستان کوژراون... گوتی من گوێم لێنەبووە. گوتم فەرموو سەیری لیستەکەم بکە. گوتی من پەیوەندیم بەو مەسەلەیەوە نییە. گوتم ڕات چییە بەرامبەر بە کوشتنی ناموسی. گوتی من بەرپرسی کۆمەڵەی فریاکەوتنی منداڵانم و وەڵامی پرسیارەکەت نادەمەوە...

گوتم تۆ ژنێکی گەنج و ڕۆشەنبیری و بەرپرسی رێکخراوەیەکی گەورەی منداڵپارێزی و هەروەها ئەندامی سکرتاریەتی یەکیەتی ژنانی کوردستانی. گوتم پێموابێ مووچەیەکی باشیشت هەیە. گوتم ئەگەر <u>تۆ</u> خۆت لەو مەسەلەیە نەکەیتە ساحێب و ئەگەر تۆ دژی ڕەشەکوژی ژنان ڕانەوەستی و دەنگی خۆت بەرزنەکەیتەوە و وەکو ئەندامی سکرتاریەتی یەکیەتی ژنان هەوڵ نەدەیت کە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت و لە ڕێگەی پارتەکەتەوە کێ ئەم کارانە بکا! گوتم ئەرک و ڕۆڵی تۆ چییە لەو دوو رێکخراوەی کە تێیاندا کارایت و ئەرک و ڕۆڵی رێکخراوەکانت چین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەگەر هەوڵ نەدەن کە زوڵم و زۆرداری و چەوساندنەوە لە کوردستان کەم بکەنەوە... ئەو کاتە گوتی گوێم لێبووە لەو ساڵانەی دوایدا ژنێک یان دوان کوژراون... گوتی بەڵام ئەوان لەسەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی کوژران...

پارتە سیاسیە زلهێزەکان کەسانی وەکو ئەو ژنە لەو شوێنە گرنگ و هەستدارانە دادەنێن کە بەهیچ شێوەیەک ئامادە نین یەک وشەی "خێریش" بکەن. ئامادە نین بەیەک وشەش رەخنە لە حکومەت و ئەو پارتە بگرێ کە تێیدا ئەندامە. نایانەوەێ ئەو لقە دارە ببڕن کە لەسەری دانیشتوون. پارتە زلهێزەکان بە خەڵکی وەکو ئەو ژنە خۆیان ڕاگرتوە. ئەوان کەسانی لێهاتوو و رۆشەنبیر و بوێر و رەخنەگریان ناوێ بۆیە حاڵمان ئەو حاڵەیە. ئەوان خەڵکی ئەشهەدوویان دەوێ و بەس. بەم جۆرە کەسانەش گۆڕانکاری و گەشەکردن بەدی نایەت.

وەکو لەسەرەوە باسم کرد لە 13-08-2002 پەرلەمانی کوردستان کوشتنی ناموسی قەدەغەکرد بەو مانایەی کە کوشتنی ناموسی و کوشتنی دیکە بەراورد دەکا. واتا ئەو کەسەی بۆ کرینەوەی ناموسی خێزانەکەی کچ، ژن، یان خوشکی خۆی بکوژێ بە گوێرەی ئەو یاسایە تازەیە لە دادگا سزا دەدرێ.

بەمەبەستی چاوپێکەوتن لەچوارچێوەی پرۆژەکەی دیموکراسیم، کە لەسەرەوە باسم لێوەکرد، لە هاوین و پایزی 2002 دووجار سەردانی کوردستانم کرد. چاوپێکەوتنم لەگەڵ خەڵکێکی زۆر کرد. کاتێ کە چاوەڕێی سەرۆکی دادگای باڵای جنایەتم دەکرد لە هەولێر لەگەڵ سێ ژنی گەنجی کارمەندی دادگاکەدا گفتوگۆمکرد و چەند پرسیارێکم ئاراستە کردن. هەرسێکیان گوتیان پشتگیری لە کوشتنی ناموسی دەکەن ئەگەر، بە قسەی ئەوان، لەسەر حەق بێ. کاتێ گوتم مەبەستتان چییە کە دەڵێن لەسەر حەق بێ. گوتیان بۆ نموونە ئەگەر ژنێک خیانەت لە پیاوەکەی بکا ئەو کاتە حەق دەدەینە پیاوەکە کە ژنەکەی بکوژێ بۆ ناموسکرینەوەی خۆی.

هەرسێکیان زۆر رەخنەیان لەو رێکخراوە چەپرەوانە هەبوو کە بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادیەکانی ژن خەباتیان دەکرد. دەیانگوت لەبەرئەوەی ئەوانە زۆر چەپرەون و زۆر رەخنە لە داب و نەریتی کوردی و لە ئاینی ئیسلام دەگرن زیانیان بۆ کورد و کولتوری کوردی هەیە نەک سوود. ئەوان پێیان وابوو کە ژنی کورد تارادەیەک ئازاد و سەربەخۆیە، بەڵام نەک بە پێی پێویست.

چەند حەفتەیەک دوای بڕیارەکەی پەرلەمان لە دهۆک لە هوتێلێکدا دوو کارمەندی گەنجی کچی کوردم بینی و قسەم لەگەڵدا کردن. ئەوان ئاگاداری ئەوە نەبوون کە پەرلەمان کوشتنی ناموسیی قەدەغەکردبوو. بەڵام ئەوان گوتیان پەرلەمان نیەتی پاک نییە بەڵکو بۆخاتری خاتران ئەو یاسایەی دەرکردوە. هەروەها گوتیان پیاوی کورد تاکو ئێستا چۆن لێی خوریوە لەداهاتووشدا هەر بەهەمان شێوە لێدەخورێ ومنەتی پۆلیس و پەرلەمانیش نازانێ.

جگە لەو چەند ژنە چاوپکەوتنم لە گەڵ زۆر کەسان کرد و پرسیارم لە زۆر کەس دەکرد ئەگەر ئاگاداری ئەو یاسایە تازە بووبن. نەک تەنها خەڵکی ئاسایی تەنانەت هەندێ پاریزەر و سیاسەتمەداری باڵادەست و چەند لە نوێنەری کۆمەڵەورێکخراوە گەورەکانیش خەبەریان لەو یاسایە تازە نەبوو. هەروەها ئەو یاسا تازەیە زۆر زۆر کەم شتی لەسەر نووسرا لە رۆژنامە کوردیەکان. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی زۆر کەم گرنگیان بەم هەواڵە دا. ئەوە لە کاتێکدا کە ئەو یاسایە بوو بە ڕووداو و هەواڵی یەکەمی زۆر لە رۆژنامە گەورەکانی سویدی و بە مانشێتی گەورە باسیان لێوە دەکرد.

ماوەیەکی کەم پاش ئەو یاسایە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ڕێزدار دکتۆر ناسح کرد کە ئەوکات سەرۆکی پەرلەمان بوو. ناوبراو کەسێکی بێ ئەندازە ڕووخۆش و قسەخۆش و خزمدۆستە و زۆر زۆر یارمەتی دام. پرسیارێکم لە دکتۆر ناسح کرد. گوتم دکتۆر بەهۆی کوشتنی پێلا ئەتروشی و فاتیمە شاهیندال ناوی کورد بەد بوو لە ئەورووپا بەگشتی و لە سوید بەتایبەتی. هەروەها گوتم لە سوید زۆر بە بەفراوانی باس لە کوشتنی ناموسی کراوە و وەکو من بزانم پۆلیس و داواکاری گشتی و هەندێ لایەنی دیکەی پەیوەندداری سویدی بە هۆی کوشتنی پێلاوە زۆر پەیوەندیان لە گەڵ هەندێ لایەن هەبووە لە کوردستان. هەروەها گوتم دەمەتەقێیەکی زۆر بەرفراوان هەیە لە سوید لەسەر کوشتنی ناموسی. گوتم دکتۆر ئایا سیاسەتمەداران و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ناو کوردستانەوە، لە لایەن کۆمەڵەوڕێکخراوەکان و گەلەوە فشاریان خرایە سەر و ناچارکران کە کوشتنی ناموسی قەدەغەبکەن یان هۆی ئەو یاسایە زیاتر تەئسیری پۆلیس و داواکاری گشتی و لایەنەکانی دیکەی سویدی بوو کە بەهۆی کوشتنی پێلا ئەتروشیەوە زۆر زۆر پەیوەندیان بە دامودەزگاکان و سیاسەتمەدارانی کوردەوە هەبوو؟ گوتم تەئسیرەکە زیاتر هی سویدیەکان نەبوو؟ دکتۆر ناسح سەری لەقاند و گوتی بەڵێ.

## دەبێ چی بکرێ؟

هەڵبەتە یاسای ناوبراو زۆر زۆر باش و پێویست بوو، بەڵام تەنها یاسا تێرناکا. دیاردەی کوشتنی ناموسی بە شەو و ڕۆژێک و بە یاسایەک بنبڕ ناکرێ و کۆتایی پێنایێ، بەڵکو وەکو زۆر لە دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی ئەوە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە گۆڕینی بیروبۆچوون و فکری خەڵک هەیە. بەردەوامبوونی کوشتنی ناموسی لە کوردستان پاش ئەم یاسایە نیشانی ئەوە دەدەن کە تەنها با یاسا گرفتەکە کۆتایی پێنایەت. گۆڕینی بیروبۆچوون و فیکری خەڵک هەوڵ و تەقەڵای زۆر و پارە و خەرجیەکی زۆر زۆری پێویستە. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر سەرکردەکانی کورد ئامادەبن ئەو کارە بکەن.

جگە لەوەش زۆر لە سەرەک خێڵ و عاشیرەتەکانی کوردستان و هەندێ توێژ و لایەنی دیکەی دواکەوتووی کوردستان دژی گۆڕانکارین و دەیانەوێ لەداهاتووشدا هەر دابونەریت و یاسا کۆنە عەشایرەکان بەکاربێن و ڕیشسپیانی بنەماڵە و خێڵەکانیان بڕیار بەدەست بن نەک پۆلیس و داواکاری گشتی و دادگا ودادوەر. ئایا پارتە زلهێزەکانی کوردستان دەیانەوێ و دەوێرن و لەخۆیان ڕادەبینن کە دژی بۆچوون و حەزی ئەو گرووپە تەقلیدیانەی کوردستان بوەستن و وایان لێبکەن کە ملکەچی ئەو یاساو بڕیارانەبن کە لەپەرلەمان دەردەچن؟

لەلای ئێمە مرۆڤ وەکو تاکە کەس نابێتە ئەندامی پارتێکی سیاسی، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هەواداری حیزبەکان بەندە بە بنەماڵە و عەشیرەت و شوێنی لەدایکبوون... بۆ نموونە لای ئێمە عاشیرەت یان خێڵ نەک تاکە کەس وەکو یەکە (وحدة) دەبنە ئەندامی حزبەکان. بۆیە دەڵێن عاشیرەتی مزووری لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دایە. هەروەها خەڵکی ناوچەی بادینان بە گشتی زیاتر هەوادار و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانن وەک هی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هاوکات بەگشتی خەڵکی کەرکوک تاڕادەیەک و خەڵکی سولەیمانی زۆر زۆر زیاتر مەیلی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیان هەیە وەک لە هی حزبێکی دیکە.

له مانگی ته‌مووزی 2003 هه‌ندێک سه‌رباز یان ئه‌ندامانی ده‌زگای سیخوڕی میتی تورکی له‌ سوله‌یمانی له‌لایه‌ن هێزه‌کانی ئه‌مه‌ریکاوه‌ ده‌ستبه‌سه‌رکران و سووکایه‌تیان پێکرا. تورکیا یه‌کیه‌تی نیشتمانی کوردستانی تاوانبارکرد که‌ ده‌ستی له‌و کاره‌دا هه‌بووه‌ و ڕێگه‌ی بۆ ئه‌مه‌ریکایه‌کان خۆشکردوه‌. وه‌کو تۆڵه‌سه‌ندنه‌وه‌یه‌ک تورکیا له‌و مانگه‌دا ڕێگه‌ی نادا به‌و کوردانه‌ی که‌ له‌دایکبووی سوله‌یمانی و که‌رکوکن بچنه‌ ناو خاکی تورکیا ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ئه‌وکه‌سانه‌ جنسیه‌ی وڵاتانی ئه‌وروپییشیان هه‌بووبێ. له‌ پاسه‌پۆرتی هه‌موو وڵاتێک شوێنی له‌دایکبوون ده‌نووسرێ. واته‌ تورکیاش ده‌زانێ له‌ کوردستان ئایدیۆلۆجیه‌ت نییه‌ یان ئایدیۆلۆجیه‌ت ئه‌رزش و نرخی نییه‌ به‌ڵکو شوێنی له‌دایک بوون...

لێره‌دا مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه‌ بڵێم که‌ ڕه‌نگه‌ پارته‌ سیاسیه‌کان نه‌وێرن یان نه‌یانه‌وێ دڵی سه‌ره‌ک خێڵ و عاشیره‌ته‌ گه‌وره‌کان یان گرووپه‌ ئاینیه‌کان بشکێنن به‌تایبه‌تی کاتێ که‌ له‌ کوردستاندا به‌ گشتی دوو پارتی زلهێز هه‌ن و ڕکابه‌ری یه‌کتری ده‌که‌ن بۆ په‌یداکردنی هه‌وادار و ئه‌ندام. بازبازانێ دیارده‌یه‌کی ڕوون و نه‌شارداراوه‌ بووه‌ له‌م 15 ساڵه‌ی ڕابردوودا. لێره‌دا مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه‌ بڵێم که‌ ئه‌و سه‌ره‌ک خێڵه‌ی که‌ له‌ پارتی دڵی شکابێ ڕایکردۆته‌ لای یه‌کیه‌تی نیشتمانی کوردستان و یه‌کیه‌تی وه‌ریگرتوون و زۆریش ڕێزی لێگرتوون. به‌پێچه‌وانه‌وه‌ش ئه‌وانه‌ی له‌ یه‌کیه‌تی تۆراون ڕایانکردۆته‌ لای پارتی و له‌سه‌رسه‌ر ڕاگیراون. ئه‌مه‌ یه‌کێکه‌ له‌ دیارده‌ هه‌ره‌ ناشیرین و زیانبه‌خشه‌کان. هه‌روه‌کو له‌سه‌ره‌وه‌ش باسکرا هه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌ش بوو که‌ پارتی له‌ مانگی ڕێبه‌ندان نه‌یویست هێرشه‌کانی مزووریه‌کان ڕاگرێ و ئێزیدیه‌کان بپارێزێ.

دوعا له‌ باره‌گای پارتی دیموکرات کوردستان ماوه‌ی دوو تا سێ ڕۆژ ده‌مێنێته‌وه‌ و پاشان ته‌سلیمی ده‌مڕاستێکی ئێزیدیه‌کان، شێخ سوله‌یمان سقۆ، ده‌کرێ. پاش ئه‌وه‌ خۆپێشاندانێکی گه‌وره‌ ده‌کرێ بۆ وه‌رگرتنه‌وه‌ی دوعا. له‌وه‌ده‌چێ که‌ حیزبی شیوعی له‌ڕێگه‌ی خزمه‌کانی دوعادا ده‌ستی هه‌بووبێ له‌ ئاماده‌کردنی خۆپێشاندانه‌که‌و داواکاری وه‌رگرتنه‌وه‌ی دوعا. هه‌واڵه‌کان وای ده‌رده‌خه‌ن که‌ پارتی دیموکراتی کوردستانیش له‌ڕێگه‌ی ئه‌ندامێکی باڵای خۆی، ڕێزدار گۆران خه‌سره‌، که‌ جێگری پارێزه‌ری (موحافز) ی موسڵه‌، ده‌ورێکی کاریگه‌ری هه‌بووبێ له‌ ته‌سلیمکردنه‌وه‌ی دوعا به‌ بنه‌ماڵه‌که‌ی. له‌ کوشتنی دوعا که‌سانێکی یه‌جگار زۆر به‌شداری ده‌که‌ن له‌کاتێکدا که‌ پۆلیسی چه‌کدار و هه‌ندێ چه‌کداری دیکه‌ش، که‌ به‌گوێره‌ی هه‌واڵه‌کان پێشمه‌رگه‌ی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، تێکه‌ڵاوی ئه‌و خه‌ڵکه‌ بوون که‌ ده‌وره‌یان له‌ دوعا دابوو و سه‌یری ڕووداوه‌که‌ ده‌که‌ن به‌ڵام هه‌وڵ ناده‌ن تاوانه‌که‌ ڕابگرن و ژیانی دوعا له‌مردن ڕزگاربکه‌ن. نه‌ک هه‌ر پۆلیس و پێشمه‌رگه‌ بێده‌نگ بوون به‌ڵکو هیچ که‌سێک له‌وانه‌ی که‌ گه‌له‌کۆییان له‌ دوعا کردبوو نه‌وێرا یان نه‌یویست ناوبژی بکا و دوعا له‌ مردن ڕزگار بکا.

من ئه‌و ڕووداوه‌ وا شیده‌که‌مه‌وه‌ که‌ پارتی و شیوعی و پۆلیس و خه‌ڵک به‌گشتی هه‌م ژن هه‌م به‌رژه‌وه‌ندی و حه‌ز و ویست و هه‌ست و ئاواتی ژنیش به‌ موڵکی پیاو و خێزانه‌که‌ی ده‌بینن نه‌ک هی ژن خۆی. کاره‌ساته‌که‌ی دوعا نیشانمان ده‌دا که‌ به‌رژه‌وه‌ندی و حه‌ز و ئاوات و هه‌ستی تاکه‌ که‌س نرخی نییه‌ و حسابی بۆ ناکرێ کاتێ که‌ قسه‌ دێته‌ سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی و ویست حه‌ز و داخوازی خێزان یان بنه‌ماڵه‌. حه‌ز و به‌رژه‌وه‌ندی خێزان هه‌موو کاتێک له‌سه‌رووی ویست و به‌رژه‌وه‌ندی و حه‌ز و مه‌رامی تاکه‌کانی ئه‌ندامی خێزان بووه‌. ژن ماف و ئازادی ئه‌وه‌ی نییه‌ که‌ ته‌عبیر له‌ هه‌ست و حه‌زه‌کانی خۆی بکا، ئه‌وین بکا یان هاوسه‌ری خۆی هه‌ڵبژێرێ هتد... به‌واتایه‌کی دیکه‌ له‌ کوردستاندا ئه‌وه‌ی نه‌بێ ڕێزگرتنه‌ له‌ مافی مرۆڤ

هەرچەندە وەزارەتی مرۆڤ پارێزیشمان هەیە.

لە حالەتی دوعا مەسەلەکەیان زۆر لەوەش گەورەتر کرد. مەسەلەی خۆشەویستی پاک و بێگەردی دوعایان کرد بەمەسەلەیەکی سیاسی و شەرەف و نامووسی هەموو ئێزیدیەکان. وەکو کۆمەڵناسێک مۆڵەت بەخۆم دەدەم لەڕوویەکی دیکەشەوە سەیری قەزیەکەی دوعا بکەم. لەبەرئەوەی لە مانگی ڕێبەندان ئێزیدیەکان غەدرێکی زۆر گەورەیان لێکراو و ناماقولیان بەرامبەر کرا و هەستیان بریندارکرا مەسەلەی دوعا بۆ ئەوان بوو بەدەرفەتێک بۆ ئەوەی هەم دوعا بکەن بە عیبرەتێک بۆ ژنانی دیکەی ئێزیدی هەم بۆ ئەوەی ڕق وکینەی خۆیان برێژن و پێشانی موسڵمانەکانی بدەن کە ئەوان هەستیان زۆر بریندارکراوە. لە هەمووی گرنگتر بەبۆچوونی من ئەوەیە کە مەسەلەی دوعا ئێزیدیەکانی لەیەکتر نزیک کردەوە.

ئێزیدیەکان وەکو گرۆپ لەدێرین زەمانەوە غەدریان لێکراوە و هەڕەشەی موسڵمانانیان لەسەربووە، هەم لەلایەن عارەبەکانی سوننەوە هەم لەلایەن کوردەموسڵمانەکانەوە. لەبەرئەوە یەکیەتی و تەبایی لایەنە جیاجیاکانی ئێزیدیەکان، ئێستا کە لەژێر پاڵەپەستۆ و هەڕەشەی دەرەکین، کارێکی زۆر زۆر پێویستە. هەست و دڵسۆزی هاوبەشی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئێزیدییەکان پێویستی بە نوێکردنەوە و بەهێزبوون هەبوو بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان هاودەنگ و هاوسەنگەر و یەکگرتووبن بەرامبەر بە لایەنە نائێزیدیەکان. دوعا بۆ ئەوان بوو بە ئامرازێک بۆ ئەوەی ئێزیدیکان یەکبگرنەوە یان یەکیەتی و هەست و دڵسۆزی خۆیان وەکو گرووپ نوێ بکەنەوە و بەهێزبکەن. ئەگەر دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێی پێویست کاریان بکردبایە و ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ بکردبایە و ئەگەر مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بایە و ئەگەر ماف و ئازادی کەمەنەتەوەکان و کەمە ئاینەکان پارێزراوبایە و هەموو لایەنێک هەستی بە متمانە و ئارامی بکردبایە کارەساتی وەکو ئەوەی مزووری و دوعا ڕوویناداا.

لەوەدەچی مەبەستی حوکمڕانانی کوردستان لە قەدەغەکردنی کوشتنی نامووسی، بەگوێرەی یاسا لە 2002-13-08، زۆر جیدی نەبووبێ، بەڵکو تەنها شتێکی ڕەمزی بووبێ و تەنها بۆ زاهیرەت و ڕازیکرن و دەمکوتکردنی هەندێ لایەنبووبێ. لەناوبردن و نەهێشتنی کوشتنی ناموسی، کە هەزاران هەزار ساڵە، لە ناوچەکەدا پەیرەوکراوە تەنها بە بڕیارێکی پەرلەمان بنبڕناکرێ و ڕێی پێناگیرێ. نەهێشتنی کوشتنی ناموسی و کولتوری ناموسپەرستی پێویستی بە شۆڕشێکی فیکری و کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئیداری و قەزایی هەیە. حوکماڕانانی کوردستان بەوە ڕازیبوون کە تەنها یاسایەک دژی ئەو دیاردەیە وەربگرن و بەس.

دیارە خەڵکی کوردستانیش دەزانن کە مەبەستی قەدەغەکردنی کوشتنی ناموسی جیدی نەبوو بۆیە ئەوانیش گوێ نادەنە یاسای پەرلەمان بەڵکو بە گوێرەی دابونەریتی کۆن هەڵسوکەوت دەکەن. حکومەتی هەرێمی کوردستان و پۆلیس و داواکاری گشتی و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتی دەستەوئەژنۆ دانیشتوون هەوڵ نادەن کە کارێک بکەن بۆ ئەوەی یاسای ناوبراو پەیرەو بکرێ لەبەر ئەوەیە کە ماڵی ئاوات و ماڵی خەزووری شەوبۆ و مزووریەکان لەخۆیان ڕادەبینن بەئارەزووی خۆیان ژن ئەتک بکەن پێش ئەوەی بیانکوژن. هەرلەبەر ئەوەشە کابرا لەهەولێر بەرامبەر وەزارەتی مافی مرۆڤ کچە 12 ساڵەکەی خۆی هەنجن هەنجن دەکا.

هەر لەبەرئەوەشە زۆر لەو کەسانەی کە من لەم 15 ساڵەی ڕابردوودا چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون، لەوانە

زۆر لە نوێنەرانی ئیدارە و حکومەتی هەرێم و سیاسەتمەداران، پێیان وایە کوشتنی ناموسی پرس و قەزیەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتیە و پەیوەندی بە سیاسەت و دەوڵەت و سوڵتەوە نییە.

جگەلەوەش لەدێرین زەمانەوە تاکو ئەمڕۆش کوشتنی ژنان بەناوی ناموسپەرستی و کڕینەوەی شەرەف و ناموسی خێزان وەکو کارێکی ڕەوا و حەڵاڵ و ئاسایی چاولێکراوە. لەبەرئەوەبوو کاتێ کە ئاشکرا دەبێ دوعا پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ کورێکدا هەیە لەماڵی خۆیان ڕادەکا بۆ ئەوەی نەیکوژن. هەروەها پاشان تەسلیمی بارەگای پارتی دەکرێ. هەرلەبەرئەوەشە کە باوکی دوعا و هەندێ لایەنی دیکش دەڵێن مەسەلەکە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی بوو بەڵام هەندێ لایەن کردیان بە سیاسی. لەناو کوردەواریدا زۆرجاران بەم زۆرە پرسانە دەڵێن قەزیەی کۆمەڵایەتی. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاکستان و ئەفغانستان هتد... زۆر ئاساییە کە ژن لەسەر قەزیەی ناموس بکوژرێ.

یەکێک لەو پرسیارانەی کە من ئاراستەی باڵادەستان و سیاسەتمەدارانی کوردستانم کردوە لەم 15 ساڵەی ڕابردوودا ئەوەبوو: گوێم لێبووە گوایە دیاردەی کوشتنی ژنان لە پەرەسەندندایە و ژمارەی ژنەکوژراوەکان سال بەساڵ لەزیادبووندایە، پاش ڕزگاربوونی کوردستان لە 1991. وەکو لەسەرەوە باسم کرد زۆربەیان لە مەبەستی پرسیارەکەم تێناگەیشتن و دەیانگوت وانیە و ئینکاریان دەکرد. پاشان کە دەمگوت من دەزانم وایە و من لیستێکم پێیە کە ناوی زیاتر لە 400 ژنی کوژراو و ناوی بکوژەکانیشی تێدایە...، دەیان گوت ئاهاااااااا تۆ مەبەستت لەو ژنانەیە کە لەسەر بێئەخلاقی و بێناموسی کوژراون هتد... پاشان دەیان گوت ئەوە قەزیەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتیە پەیوەندی بە سیاسەت و سوڵتەوە نییە. واتە ئەوان هەر بیریشیان لە دیاردەی ڕەشەکوژی ژنان نەکردبۆوە و بەهیچ شێوەیەک بە گرفتێکی کۆمەڵگایان حساب ناکرد و بۆ ئەوان کوشتنی ژنان بۆ کڕینەوەی ناموسی خێزان گرفت و دیاردەیەکی خێزانی بوو. جگەلەوەش بۆ ئەوان کوشتنی ناموسی کارێکی زۆر ڕەوا و ئاساییە بۆیە وا وەڵامیان دەدامەوە.

لە لێکۆڵینەوەکانم بۆم دەرکەوت کە لە ساڵی یەکەمی پاش ڕزگاربوونی کوردستان هەندێ سیاسەتمەدار و پارتە سیاسیەکان هەندێ لەو ژنە کوردانەیان کوشت کە زووتر بە شێوەی جیاواز هاوکاری ڕژێمی بەعسیان کردبوو. ئەو ژنانە بە تۆمەتی "بێ ئەخلاقی" کوژران. هەروەها هەندێ لەوانەی کە زووتر "جاش" بوون یان لەگەڵ دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس کاریانکردبوو و پاشان بوون بە فەرماندەی سەربازی لەناو پارتە زلهێزەکانی کوردستان یان بەشێوەی دیکە دەسەلات و پایەی زۆر بەرزیان وەرگرت لە ناو پارتە سیاسیەکان و لەناو ئیدارەی کوردستان هەندێ لەو ژنانەیان بەکوشتن دا کە زووتر بەیەکەوە لەگەڵ یان لەناو بەعس کاریان کردبوو. ئەوژنانە زانیاری زۆریان پێبووە لەسەر ئەو پیاوە کۆنە جاش و کۆنە سیخوڕ و کۆنە بەعسیانە و بۆ ئەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان ڕابردوویان ئاشکرا نەکەن بەکوشتنیان دان. ئەو ژنانەش هەر بەتۆمەتی "بێ ئەخلاقی" کوژران چونکە ئەم جۆرە کوشتنە لێپێچینەوی لەسەر نەبووە و ڕەوابووە.

لە 1950 کانەوە تورکیا هەوڵێکی بێوێنەی داوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەوروپا. لەم چەند ساڵەی دواییدا یەکیەتی ئەوروپا لەسەر ئەوە ڕازییبوو کە دانوستان و گفتگۆ لەگەڵ تورکیادا بکرێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ، لە 2015 یان 2020 ببێتە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا. بۆ ئەو مەبەستە مەرجی زۆریان بۆ تورکیا دانا و تورکیایان ناچارکرد کە ڕیفۆرم و چاکسازی زۆر زۆر بکا لە

تورکیا، لەوانە لە دەستووری و سیستەمی قەزایی. تورکیایان ناچارکرد کە نەرمتر بێ بەرامبەر بە کەمە نەتەوەکان، لەوانە کورد، ڕیگەیان بدا کە موومارەسەی زمان و کولتوری خۆیان بکەن. تورکیا ناچارکرا کە تاڕادەیەک ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ، ئازادی بدات بە نەقابات و ڕێکخراوەکانی دیکە کە بەئاروزووی خۆیان کاربکەن هتد...

وەکو هەموولایەک دەزانین هەندێ لایەنی زۆر زۆر باڵادەست و قسەڕۆیشتوو و فاشیست و ڕەگەزپەرستی لە تورکیا ئەو داواکاریانەی یەکیەتی ئەوڕوپایان هەم بە هەڕەشە زانی لەسەر یەکیەتی خاک و کولتوری تورکیا و ئایدیۆلۆجی کەمالیزم هەم بە تەنازول و سوکایەتی زانی بۆیە بەرهەڵستی ڕیفۆرمیان دەکرد و هەوڵی ئەوەیان دەدا – تاکو ئێستاش هەوڵ دەدەن – کە تورکیا نەبێتە ئەندام. سەرەڕای ئەوەش هەوڵ و تەقەلای زۆر دراو چاکسازی زۆرکرا بەڵام بە پێی پێویست نەبوو سەرەڕای ئەوەش یەکیەتی ئەوڕوپا دەرگای بوونە ئەندامەتی خستە سەرپشت بۆ گفتوگۆ بۆ بوونە ئەندامی تورکیا. یەکیەتی ئەوڕوپا ئەو کارەی کرد بۆ ئەوەی تورکیا جارێکی دیکە بەرەو دیکتاتۆریەتی سەربازی نەچێتەوە و ڕەوشی هاونیشتمانانی تورکیا، بەتایبەت کورد، ئەوەندەی دیکەش خراپ نەبێ.

لە مانگی دەی 2004 حکومەتی تورکیا پێشنیاری پەرلەمانی کرد کە چاکسازی بکەن لە دەستووری وڵاتەکە. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک پێشنیاریان خستە بەر دەم پەرلەمان. یەکێک لە پێشنیارەکان ئەوەبوو کە "خیانەتی زەوجی" بە تاوان لەقەڵەم بدرێ. پێش ئەوەی پەرلەمانی تورکیا بڕیار لەسەر پێشنیارەکە بدا یەکیەتی ئەوڕوپا هاتە وەڵام و بۆ تورکیایان ڕوونکردەوە کە ئەوان چاوپۆشیان لە زۆر زۆر شتکردوە بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن کە "خیانەتی زەوجی" بەتاوان لەقەڵەم بدرێ لە دەستووری یەکێک لە ئەندامەکانی. لەسەر ئەم پرسە خەریک بوو هەوڵ و تەقەلای 50 ساڵی نێوان یەکیەتی ئەوڕوپا و تورکیا فەشەل بێنێ. ئەوەبوو حکومەتی تورکیا بەزووترین کات پێشنیارەکەی کێشایەوە پێش ئەوەی پەرلەمان بڕیار وەربگرێ.

لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم مەسەلەی کولتوری ناموسپەرستی و کوشتنی ناموسی و پرسی یەکسانی ژن و پیاو ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ وڵاتانی ئەوڕوپا و ڕۆژاوا زۆر زۆر گرنگن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بیانەوێ کوردستان لە وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەوڕوپا نزیک بکەنەوە و هاوکاریان لەگەڵدا بکەن و پشتگیری ئەوان مسۆگەر بکەن لە داهاتوودا و بیانەوێ کوردستان وەکو "وڵاتێکی" دیموکرات و مۆدێرن و تازەخواز و پێشکەوتووخواز بە دونیادا بناسێنن دەبێ مەسەلەی کولتوری ناموسپەرستی و کوشتنی ناموسی بەو پەڕی جیددی وەربگرن. ئەو مەسەلانە بۆ ئەوڕوپا و وڵاتانی ڕۆژاوا خەتی سوورن نموونەی تورکیامان لەبەرچاوە. تورکیا کە لەدوای ئەمەریکا دووەمین هێزی سەربازییە لە ڕێکخراوەی هاوپەیمانی سەربازی ناتۆ و ئەمەریکا هەموو دەم پشتگیری لێکردوە لە هەموو ڕوویەکەوە تەنانەت لە بوونە ئەندامیشی لە یەکیەتی ئەوڕوپا. تورکیا کە گرنگیەکی بێئەندازەی مێژووی و جیۆستراتیجی سەربازی و ئابووری هەیە بۆ ئەوڕوپا هتد... ئێمە، کوردستانی باشوور، تاکو ئێستا هیچ سوودمان بۆ یەکیەتی ئەوڕوپا و وڵاتانی ڕۆژاوا نەبووە و ئێستا حالی حازر هیچیشمان نییە پێشکەشی ئەوڕوپای بکەین.

ئێمە دەستمان لە ژێرسەری ئەوڕوپا و ئەمەریکایە بۆیە دەبێ "بە هەمووشتێک" ڕازی بین و ئەوەی لەدەستمان دێ بیکەین بۆئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژبکەن و لێمان دوورنەکەونەوە. بۆ بەرژەوەندی

ستراتیجی دوورخایەنی کورد و کوردستان باشتروایە دڵی یەکیەتی ئەوروپا و ئەمەریکا ڕازی بکەین وەک لە دڵی چەند مەلا و شێخ و ئاغا و سەرەک خێڵ و سەرەک عاشیرەتیکێ کورد. ئەو لایەنە کوردیانەی کە ناومبردن وایان کردوە کە حاڵمان ئەو حاڵەیە کە تێیدا دەژین بۆیە ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە کە شتێکی تازە تەجرەبە بکەین.

کوشتنی ناموسی دژی مافەکانی مرۆڤە و سەرکردەکانمان لە کوردستان بانگاشەی ئەوەدەکەن کە گوایە لە کوردستان دیموکراسی هەیەو ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیردرێ. لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا وەزارەتی مافی مرۆڤ وجوودی نییە کەچی لە لای ئێمە سەردەمێک دوانمان هەبوو سەرەڕای ئەوەش کۆمیتەی تایبەتی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەککگرتوەکان هەموو ساڵی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ڕەخنەی توندی لە ئیدارەی/ئیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتوە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆرەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هێدی هێدی خەریکە کوردستان ئاوەدان دەکاتەوە. باخچەو ڕێگاوبان و سوپەرمارکت و بنایات و هۆتێلی گەورە و گرانبەها دروستدەکرێ. کوردستان پڕیبووە لە ئۆتۆمۆبیلی تازە و گرانبەها. ماڵ نییە کامێرایەکی ڤیدیۆ و کامێرایەکی دیگیتاڵ و دوو ئۆتۆمۆبیلی نەبێ و کەسیش نییە مۆبایلێکی نەبێ. کەس نییە بە تەلەفزیۆنی ڕەنگاورەنگی 28 ئینجی ڕازیبێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێ کۆمپانیاکانی بیانی مەکتەبی سەرەکی خۆیان لە کوردستاندا دابنێن. هەروەها دەیانەوێ کە وڵاتانی دونیا قونسڵی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە. خۆشبەختانە تارادەیەک سەرکەوتووش بوون. دەڵێن ڕێزدار نەوچیروان بارزانی گوتیەتی کە کوردستان دەکاتە دوبەی. بۆیە هاتوچۆ و بازرگانی لەگەڵ دوبەی زۆرە و لە خەدەمات و بیناسازیدا تەقلیدی دوبەی دەکرێتەوە. بەڵام لەوەدەچێ کە ئێمەی کوردیش وەکو عارەبەکانی خەلیج خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و وابزانین کە بوونی کەناڵەکانی ساتەلایت و بنایە و ئۆتۆمۆبێلی جوان و باش و گرانبەها بەختەوەرمان دەکا و سەرکەوتوومان دەکا.

چەند پرسیارێکی سادە: چەند لەو هەموو ئۆتۆمۆبێلە جوان و گرانبەهایانەی کە لە کوردستاندا هەن ژن لێیان دەخورێ؟ تا چ ڕادەیەک ڕەچاوی یاساکانی هاتووچۆ دەکرێ؟ چەند لە ژنانی پایتەخت دەتوانن بە پانتۆڵ و بەسەرکۆتی بسوورێنەوە؟ چەند دەرسەدی کچانی کوردستان لەڕێی دڵداری و بەئارەزووی خۆیان مێرد دەکەن؟ لە کاتی تەڵاق و جیابوونەوە چ یاسایەک پەیرەودەکرێ؟ ڕادەی نەخوێندەواریمان چۆنە؟ ڕۆژانە خەڵکی دانیشتوانی کوردستان چەند ڕۆژنامە دەخوێننەوە؟ چەند ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆی تەواو سەربەخۆ و بێلایەنمان هەیە؟ چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوی ئازاد و سەربەخۆ لە کوردستاندا هەیە؟ تا چ ڕادەیەک ئازادی سیاسی و ئازادی دەربڕین هەیە...؟ کوردستان لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بە شۆڕشێکی فیکری و ڕۆشەنبیری و کۆمەڵایەتی هەیە نەک بە تەلار و سوپەرمارکتی گەورە و گرانبەها و بریقەدار کە بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستانی هەژار و دونیا نەدیتە شەرم دەکا بچێتە ئەو شوێنانە. ئەو شوێنانە بۆ خەڵکی ئێمە نامۆن. لێرەدا بە هیچ شێوەیەک مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم ئەو شتانە پێویست نین! بەپێچەوانەوە هەر هەموویان پێویستن بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر شۆڕشێکی فیکری و کۆمەڵایەتی زەرورتین شت نەبێ لە کوردستاندا پێشکردنەوەی سوپارمارکت. بەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری فیکری پرۆژەکانی دیکەمان سەرناگرن وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژاواش متمانەمان پێناکەن و بە جیددی دۆستایەتیمان ناکەن و نابنە هاوسەنگەر و هاوپەیمان و هاودەنگمان!

بۆ ئەوەی کە حاکمانی کوردستان و دامودەزگاکان و سیستەمی سیاسی لە کوردستاندا شەرعیەتی سیاسی خۆیان نەدۆڕێنن و لەدەستی نەدەن یان باشتر وایە بڵێم بۆ ئەوەی شەرعیەتی سیاسی بەدەستبێنن دەبێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و فیکری لە کوردستاندا بەرپابکەن و وابکەن کە تەنها ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوون پەیڕەوبکرێن لەوانە یاسای قەدەغەکردنی کوشتنی ناموسی، نەک دەستوور و یاسای خێڵەکی کۆن. ئێمە هەر دوعایەکمان نییە بەڵکو هەر سوچێکی هەر شار و شارۆچکەیەکمان دوعایەکی لێ حەشاردراوە!


**سەرچاوەکان**

1. جەماوەر 2006-03-2007،13-05-21، 28-05-2007.

2.http://www.pukmedia.com/kurdinews/13-5-2007/news21.html

3. ژیانەوە ژمارە 274، 06-05-2007، ژمارە 275، 13-05-2007.

4. Democratization and Civil Society in the Middle East: Case Studies of the Palestinian self-rule areas and Iraqi Kurdistan, Michael Schulz (ed.). Summer 2003 (reprinted in 2006)
Centre for Middle East Studies, G teborg University, Sweden.

5. Rasool Awla, Den kurdiska kvinnan i det kurdiska samh llet och i Sverige, D-uppsats i sociologi, vid Sociologiska institutionen G teborgs universitet, VT 1995.

6. Rasool Awla, Den politiska eliten och den demokratiska processen i Kurdistan, C-uppsats, Statsvetenskapliga institutionen G teborg universitet, HT, 1993.

7. Rasool Awla, Det civila samh llet och demokratins misslyckande i Kurdistan, D-uppsats, Statsvetenskapliga institutionen G teborg universitet, VT, 1997.